# ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی نیشتەجێبونی ستونی

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر

**مهتاب مصطفى عمر [١]، عبدالمجيد غفور ابراهيم[٢]**

[١،٢] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە، زانینی ئاستی لێکەوتە کۆمەڵایەتی و دەرونیەکانی نیشتەجێبونە لە باڵەخانە ستونییەکان و زانینی کاریگەریی خزمەتگوزارییەکان لەسەر کەمکردنەوەی ئەو لێکەوتە دەرونی و کۆمەڵایەتییانە. ئەم توێژینەوەیە بە ئاراستەی چەندایەتی ئەنجامدراوە و بۆ شیکردنەوەی ئامانجەکان، توێژەران سودیان لە میتۆدی پەسنی (وەسفی) بە ڕێگەی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بە نمونە وەرگرتووە. بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران فۆڕمێکی ڕاپرسییان ئامادەکردووە، کە چوار ڕەهەندی (کۆمەڵایەتی، دەرونی، ئابوری و خزمەتگوزاری) لەخۆگرتبو؛ بە گشتی بڕگەکانی پێوەرەکە بە هەرچوار ڕەهەندەکەی لە (٣٦) بڕگە پێکهاتبو، کە تەواوی تایبەتمەندییە سایکۆسۆسیۆمەترییەکان بۆ پێوەرەکە ئەنجامدراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوە لەو خێزانانە پێکدێ کە دانیشتوی کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوی ستونین، کە لە سەنتەری شاری هەولێردا دەژین. نمونەی توێژینەوەکە لە (٣٨٠) یەکە پێکهاتووە، کە دانیشتوی یەکەکانی نیشتەجێبونی ستونین بە ڕێگای نمونەی هەڕەمەکیی چینایەتی هەڵبژێردراون. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە بریتین لە: بە شێوەیەکی گشتی لێکەوتە کۆمەڵایەتی، دەرونی و ئابورییەکانی نیشتەجێبونی ستونی لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە لە ئاستی مامناوەند دایە. هەروەها ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی وەکو ڕەگەز لەسەر لێکەوتەکانی نیشتەجێبونی ستونی، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نییە، بەڵام لە هەمو ڕەهەندەکاندا (کۆمەڵایەتی، دەرونی، ئابوری و خزمەتگوزاری) جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گروپە تەمەنییەکاندا هەیە و ئەم جیاوازییەش بۆ ئەو گروپە دەگەڕێتەوە کە تەمەنیان کەمترە بە بەراورد بەو گروپەی تەمەنیان لە سەرترە، بەتایبەتی گروپی تەمەنی (٣٠-٣٩) لەگەڵ هەمو گروپە تەمەنییەکانی دوای خۆیان جیاوازییان هەیە. هەروەها سەبارەت بە کاریگەریی خزمەتگوزارییەکان لەسەر لێکەوتەکان (کۆمەڵایەتی، دەرونی و ئابوری)، دەرکەوت کە خزمەتگوزارییەکان کاریگەرییان هەیە و جۆری ئەم کاریگەرییە پێچەوانەیە، واتە هەرچەند خزمەتگوزارییەکان زیاد بکات، لێکەوتەکان کەم دەکات.

**وشە سەرەکییەکان:** نیشتەجێبونی ستونی، لێکەوتەی کۆمەڵایەتی، لێکەوتەی دەرونی، لێکەوتەی ئابوری، خزمەتگوزاری.

## پێشەکی [١]

هەر لە کۆنەوە، ئەو کاتەی مرۆڤ لە دارستان و ئەشکەوتەکاندا ژیاوە، نیشتەجێبون یەکێك بووە لە گرنگترین پێداویستییەکانی ژیانی خۆی و خێزانەکەی، بەڵام ئەوکات پێویستی بە خانو هەبوە بۆ خۆپاراستن لە هەڕەشەکانی ژینگەی سروشتی، لە باران و زریان و ...هتد، هەروەها خۆپاراستن لە مەترسی ڕووبەڕوبونەوەی ئاژەڵە مەترسیدارەکان، لەگەڵ پێشکەوتن و ئاڵۆزتربونی ژیان و دوچاربونی مرۆڤ بە شەڕ و جەنگ، ماڵ بووە شتێکی گرنگ و بەسترایەوە بە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابوری و کولتورییەوە، ماڵ بووە جۆرە پەردەیەك بە مانا ئایینیەکەی، هەروەها بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی بووە جۆرێك ئاسایش و ئارامی و دڵنیایی، لە ڕوی ئابوریشەوە توانای مادیی مرۆڤ بە جۆری ماڵەکەی جیادەکرایەوە، هەروەها ئاستی کولتوری و چینایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگە، وابەستەی جۆری ماڵ و خانو کرا، هەروەها بە پێ کۆمەڵگاکان و قۆناغە جیاوازەکانی مێژو، شێوازی جیاواز لە خانوبەرە بەدیدەکرێت و گۆڕانکاری بەسەر شێوازەکانی دروستکردنی خانوبەرەدا هاتووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بەهۆی گەشەسەندنی شارنشینی وەك بەرهەمی دیمۆگرافیای چڕی کۆچبەرانەوە، دانیشتوان بە خێرایی گەشەی سەندووە، ئەوەش وایکردووە پێویستمان بە جۆرێکی دیکەی خانو هەبێت، کە بریتیە لە شوێنی نیشتەجێبونی ستونی، چونکە کۆمەڵێکی زۆر لەو یەکانەی نیشتەجێبون لەخۆدەگرێت کە سەنتەرێکی سەرەکیی ژیانی کۆمەڵایەتییە. شوێنی

[١] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٩ گەلاڕێزان ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٢٤ ڕەزبەر ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٧ ڕەزبەر ٢٠٢٥ بلاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: mehtab.omer@su.edu.krd

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ مهتاب مصطفى عمر، عبدالمجيد غفور ابراهيم، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND ٤.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/١٠,١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٢٦-٤٠

نیشتەجێبونی ستونی شوێنی کۆبونەوەیەکی چڕە و تێیدا باڵەخانەکان لەپاڵ یەکترەوەن و هەمان ئەرك و تایبەتمەندییان هەیە و کۆمەڵێك خێزان لەخۆدەگرن.

لەو چوارچێوەیەدا، لە شاری هەولێر بەشێکی زۆری وەبەرهێنان، بە تایبەت لە کەرتی تایبەت، بۆ گەشەپێدان تەرخانکراوە،کە کۆمەڵێك سیاسەتی نیشتەجێبونی لەخۆگرتووە، بەو پێیەی نیشتەجێبون کۆڵەگەیەکی گرنگی ئاوەدانبونەوەی وڵاتە و کەرتێکی گرنگی ئابوریی وڵات و بەشێکە لە سیاسەتی گشتیی کۆمەڵایەتی و جیاناکرێتەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کۆمەڵگا بەدەستیانەوە دەناڵێنێ، ئەو کەرتانە هەوڵیانداوە چەند بەرنامە و شێوازێکی جۆراوجۆری نیشتەجێبون پێشکەش بکەن، وەك نیشتەجێبونی کۆمەڵایەتیی ستونی، واتە یەکەکانی نیشتەجێبون بە شێوەیەکی ستونی لەسەر ڕوی زەوییەوە بەرزدەبنەوە، لەو ڕێگەیەوە دەبنە باڵەخانەیەکی چەند نهۆمی.

## ١. ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر لێکەوتە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانی نیشتەجێبونی ستونی و هەوڵ دەدەین وێنەیەکی تەواو سەبارەت بە نیشتەجێبون لە شوقەکان و باڵەخانەکانی نیشتەجێبون بخەینەڕو. هەروەها سەرەڕای ئەوەی نیشتەجێبونی ستونی چارەسەرێکە بۆ قەیرانی نیشتەجێبون، بەڵام کۆمەڵێك ئاکام و لێکەوتەی دەرونی و کۆمەڵایەتیی لێدەکەوێتەوە، کە کاردانەوەی بەسەر تاکەکانی نیشتەجێبو لەو یەکانەدا دەبێت.

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

نیشتەجێبونی ستونی یەکێکە لە سیماکانی ئیکۆلۆژیی کۆمەڵگەکان و هۆکاری هەبونی ئەو جۆرە یەکەی نیشتەجێبونە، بەرزیی چڕیی دانیشتوانە لە شارەکاندا، بەجۆرێك ئەو چڕییە زۆرەی دانیشتوان پێویستی بە شوێنی نیشتەجێبونی تازە هەیە بەگوێرەی زۆریی ژمارەی دانیشتوان. لێرەوە گرنگیی هەبونی نیشتەجێبونی ستونی دەردەکەوێ، چونکە ئەو جۆرە نیشتەجێبونە ڕوبەری کەمتری دەوێ و ماڵی زۆرتری تێدا دروستدەکرێ، جۆرە جوانییەکیشە بۆ شار، هەروەها ژیانی تازەی شارنشینی پێویستی بە جۆرێك لە باڵەخانەی پێشکەوتو و مۆدێرن هەیە، کە لەگەڵ ژیانی هاوچەرخدا بگونجێ، واتە جۆرێکی پێشکەوتوی باڵەخانە وەك ئەوەی لە وڵاتانی ئەوروپادا هەیە، ئەوەش هەمو جۆرە نیشتەجێبونێکی ستونی دەگرێتەوە.

چەندان توێژینەوە و لێکۆڵینەوە هەن تیشکیان خستووەتە سەر بابەتی نیشتەجێبونی ستونی و لە ڕوی تەلارسازییەوە بایەخیان پێداوە، یانجۆری سیاسەتی نیشتەجێبونی وڵاتان بۆ فەراهەمکردنی زۆرترین یەکەی نیشتەجێبون لە کەمترین ڕوبەردا، یانتیشك خراوەتە سەر لایەنی مادیی پەیوەست بە شوێن و کەرەستەی باڵەخانە و ئەو شتانە. لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر ئەو کەسانەی کە لەو باڵەخانە ستونییانەدا نیشتەجێ دەبن و ئەوانە کێن کە ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیان لە شوقە یان باڵەخانەی ستونیدا بەسەر دەبەن؟ بۆ ئەوەی وێنەیەکی کۆمەڵایەتیمان لەبارەی سروشتی نیشتەجێبونی ستونی سەبارەت بە تاکەکان و خێزانەکانیان لە شاری هەولێر، هەروەها ئەو دیاردانەی پەیوەستن بەو باسەوە وەك گۆڕاوەکان و کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئایینی و دەرونی و تەندروستی. هەروەها بابەتی نیشتەجێبونی ستونیش گرنگترین بابەتی نێو گۆڕەپانی کۆمەڵایەتییە، چونکە پەیوەستە بە کۆمەڵگە و هاوسەنگیی تاکەکەس لە ناو کۆمەڵگە لە ڕوی کۆمەڵایەتی و کولتوری و دەرونییەوە. هەروەها گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە تیشك دەخاتە سەر بابەتێکی گرنگی پەیوەست بە یەکێك لە ستراتیژەکانی گەشەپێدانی شارنشینی، واتە سیاسەتی نیشتەجێبونی ستونی و ڕادەی کاریگەریی ئەو سیاسەتە بەسەر خێزان، بە دیاریکراویش زانینی بارودۆخی گوزەرانی خێزانی نێو ئەو جۆرە یەکانەی نیشتەجێبون.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

خستنەڕوی ئاستی ڕەهەندەکانی نیشتەجێبونی ستونی وەک (دەرونی، کۆمەڵایەتی و ئابوری) لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە.

دەستنیشان کردنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز، تەمەن و جۆری موڵک) لەسەر ئاستی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە.

دیاریکردنی ئاستی پەیوەستیی نێوان ڕەنگدانەوەکانی نیشتەجێبونی ستونی.

خستنەڕوی کاریگەریی خزمەتگوزارییەکان لەسەر ڕەهەندەکانی ڕەنگدانەوەی نیشتەجێبونی ستونی.

## ٢. چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

### ٢-١. ناساندنی چەمکەکان

**یەکەم : ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکان(Social Reflections)**

ڕەنگدانەوە ئاماژەیە بە کاردانەوەیەك، لە چەند لێکەوتەیەکی دیاریکراودا خۆی دەنوێنێ، بۆ دەرخستنی ئەو شوێنەوارانەی بە هۆی ئەو کردەیەوە دروست دەبن، چەمکی ڕەنگدانەوە لێرەدا خۆی لە چەند جۆرێکی دیاریکراودا دەنوێنێ، ڕەنگدانەوە واتە ئەو سیما و شوێنەوارانەی بە هۆی کردەکەوە کەوتونەتەوە.(الجوهري، ١٩٨٣: )

ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکانیش چەمکێکە دەشێ پەسنی (وەسف)ی ڕەفتارێك یانهەڵوێستێك بکات لە بەرانبەر ئەوانی دیکە، واتە ئەو هەڵوێستەی کە بەهۆیەوە ئەو گروپانەی پەیوەندییەك پێکیانەوە دەبەستێتەوە کارلێکدەکەن.( الهیتی، ٢٠٠٦ : ٥٣)

هەروەها بریتییە لە لێکەوتەکانی کردەی کۆمەڵایەتی، کە تاك یانکۆمەڵ ئەنجامی دەدات، ئەو لێکەوتانەش دەشێ ناوەرۆك و ڕەهەندی ڕەفتاری و مرۆیی و کۆمەڵایەتیی هەبێت. هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان ڕوداوێك، جا هەر سروشتێکی هەبێت، کاردانەوەی خۆی هەیە، ئەو کاردانەوانەش دەشێ ئەرێنی یان نەرێنی بن، دەشێ نزیك یاندوور بن، ئەمەش کاردەکاتە سەر ڕەوتی کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەتی و لە جۆرێکەوە دەیگۆڕێ بۆ جۆرێکی دیکە (شغیت، ٢٠٢٣ :١٧٨٩).

لە فەرهەنگی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا وا پێناسە کراوە، بریتیە لە گشت گۆڕانکارییەك کە بەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتیدا دێت، جا بە ئەرێنی بێت یان نەرێنی بە هۆی کردەیەك یان چالاکییەکی مرۆییەوە، جا مەبەستداری ئاراستەکراو بێت یان چالاکییەکی بێمەبەستی ئاراستەنەکراو بێت، بەو هۆیەشەوە ڕۆڵەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێن و لە ڕێگەی بەها کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دیاریدەکرێت. (بدوي، ٩٩٣,١٦٢١) .

کەوایە ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لەو ئاکام و شوێنەوارانەی بەسەر واقیعی کۆمەڵایەتییەوە جێدەمێنن، هەڵبەت ئەوەش نەك تەنها لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵکو بە کۆی لایەنە ئابوری، دەرونی و تەندروستییەکان و کۆی ئەو ڕەنگدانەوانەی کە کاردەکەنە سەر کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەتیی، ئەوەش دەبێتە هۆی گۆڕینی کۆمەڵگە لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی دیکە، بۆیە سەرجەم دیاردەکانی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی پەیوەستن بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بونیادی کۆمەڵایەتی و گرفتەکانی کۆمەڵگە و ئەو کەرەستانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، کە دەبنە هۆی گۆڕینی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/١٠,١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٢٦-٤٠

لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی دیکە، چونکە لێکەوتە و کاردانەوەکانی خۆی بەسەر توخمە بونیادی و پێکهاتەییەکانی کۆمەڵگەوە جێدەهێڵێ.

**دووەم - شوێنی نیشتەجێبون:**

شوێنی نیشتەجێبون بریتیە لەو پەناگەیەی کە مرۆڤ پەنای بۆ دەبات تا ڕۆژەکانی خۆی تێدا بەسەر ببات، چونکە ئارامی و سەقامگیری مەرجی سەرەکیی مرۆڤن تا بتوانێ چالاکییەکانی تازە بکاتەوە و پاشان بتوانێ ڕووبەڕوی سەختییەکانی ژیانی ببێتەوە.(جميلة، ٢٠١١ :٤٩)

(محمود حسين) لە پێناسەی شوێنی نیشتەجێبوندا دەڵێت: ئەو پەناگە سروشتییەیە کە پێویستە خێزان ژیانی خۆی تێدا بگوزەرێنێت، بۆیە پێویستە بونیادی فیزیکیی ماڵ لەگەڵ ژیان و پێداویستیی خێزاندا بگونجێت. (ذراع،٢٠١٥: ٢٦).

کەواتە شوێنی نیشتەجێبون دەرفەت بۆ تاك دەڕەخسێنێ تا پێداویستییە فیسیۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بەدی بهێنێت، هەروەها پێداویستییە سەرەکییەکانی وەك سەقامگیری و ئاسایش و پێداویستییەکانی ژیانی خێزانی بۆ تاکەکانی دەڕەخسێنێت.

**سێیەم - یەکەی نیشتەجێبونی ستونی:**

ئەو جۆرە شێوازەیە لەسەر شێوەی باڵەخانەیەکی نیشتەجێبون دروستکراوە و ژمارەیەك باڵەخانە لەخۆدەگرێت و کۆمەڵێك خێزانی تێدا دەژی، هەڵبەت لە چوارچێوەی یەکەیەکی نیشتەجێبونی فراواندا.(محمود،٢٠١٢: ١٥٨)

هەروەها وا پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە کۆکردنەوەی چەند ماڵێك لە باڵەخانەی چوار نهۆمی یان پێنج نهۆمی لە بەرزیدا، هەروەها شێوەیەکی چوارگۆشە یان لاکێشە یان بازنەیی هەیە، خەڵکی ئەو تەلارانە بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ بەکاریدەهێنن.(ال طعمه، ٢٠٠٩ : ٥)

کەواتە یەکەی نیشتەجێبونی ستونی بریتییە لە نیشتەجێبونی دەستەجەمعیی کۆمەڵێك ماڵ لەخۆدەگرێت و دەبێتە سەنتەری سەرەتایی ژیانی بەکۆمەڵ، واتە بریتییە لە کۆبونەوەیەکی چڕ، باڵەخانەکان بە یەکەوە لێکنراون. لەم توێژینەوەیەدا، یەکەی نیشتەجێبونی ستونی، گشت ئەو پرۆژانەی نیشتەجێبون دەگرێتەوە کە خێزانین و لەشاری هەولێر بنیادنراون.

## ٢.٢ ئاراستە تیۆرییەکان و توێژینەوەکانی پێشتر:

### باسی یەکەم : ئاراستە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە:

ئاراستە تیۆرییە بەکارهاتووەکان لەم توێژینەوەیەدا، بریتین لەچەند بیرمەندێکی قوتابخانەی شیکاغۆ، کە هزرەکانیان تایبەت بووە بە شار و ئیکۆلۆژیای شارەوە کە بریتین لە:

یەکەم : ڕۆبێرت پارك:(Robert Park)

یەکێکە لە دیارترین نوێنەرانی قوتابخانەی شیکاگۆ، خاوەن بۆچونێکی تازەیە لە بارەی شارەوە، واتە سەبارەت بە ئیکۆلۆژیای مرۆیی. سەرەتا لە ساڵی (١٩١٥)، بیروباوەڕەکانی لە وتارێکی بەناوبانگدا بە ناوی "شار" بڵاوکردەوە، لەو وتارەدا بنەمایەکی میتۆدی و تیۆریی بۆ کۆمەڵگەی شارنشینی داڕشت. باسی ئەوەی کرد پێویستە شارنشین پشت بە تێبینییەکی ڕێکخراوی دیاردە شارنشینیەکان ببەستێت، وەك ئەوەی لای مرۆڤناسەکان هەیە. هەروەها تیشکی خستووەتە سەر ئەو هێزەی دابەشکردنی تاکەکان و دامەزراوەکانی لە ژینگەی شارنشین کۆنترۆڵ کردووە، ئەو هێزەش بریتییە لە کۆمەڵێك فاکتەر، کە بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی لە سروشتی رووەکەکاندا هەیە، کاریگەری دەخاتە سەر مرۆڤ. هەروەها شیکردنەوەیەکی وردی بۆ شار کرد و شاری وەك دیاردەیەکی سروشتی پێناسە کرد. شار لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێك فاکتەری سروشتیدا گەشە دەستێنێ و ناشکرێ کۆنترۆڵ بکرێت، هەر شارێك دابەش دەبێتە سەر ناوچەیەکی پیشەسازی و بازرگانی و نیشتەجێبون، هەر یەکێك لەو ناوچانە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و کولتوریی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە ناوچەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، ئەو تایبەتمەندیانە کار دەکەنە سەر تایبەتمەندیی دانیشتوانی هەر ناوچەیەك و وایان لێدەکات لە دانیشتوانی ناوچەیەکی دیکە جیاوازبن، ئەوە لە پاڵ ئەوەی ئەو تایبەتمەندییانە ئەگەر لە ناو کۆمەڵێکدا چڕ ببنەوە ئەوە تەنها لەو ناوچەیە دەمێنێتەوە(Park,١٩١٥: ٥٧٧).

لەو سۆنگەیەوە، پارك دو بیرۆکەی سەرەکی گەڵاڵە دەکا، کە بریتین لە، یەکەم: ئەو کاریگەرییەی بارودۆخی ژیان لە شارەکان دەیخاتە سەر ڕەفتاری تاکەکان، دووەم: ئەو کەرەستانەی لە ڕێگەیانەوە گونجانی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە سروشتییەکەیدا دەبێتە هۆی دابەشبونی بونیادی شار و جیابونەوەی لە ناوچە سروشتییەکان، ئەوەی لەگەڵ جۆری مرۆییدا دەگونجێ. پارك هەوڵیداوە لە شار وەك شوێنێك تێ بگا، وێڕای ئەوەی شار وەك سیستەمێکی ئەخلاقیش ناوساندە. شار وەك سیستەمێکی ئەندازەیی و شوێنێك کە دابەشبونی کۆمەڵایەتیی تێدا دەرکەوێ، ئەوەش بە پشتبەستن بە سروشتی شوێن خۆی و ڕادەی گونجانی لەگەڵ تاکەکاندا، نەك هەر ئەوە بە تەنها، بەڵکو سەرەڕای ئەوەش سیستەمێکی سروشتیی یان شوێنیی هەیە کە ڕۆڵی ڕێکخستنی ئەخلاقی زەقدەکاتەوە، بێگومان شانبەشانی ڕێکخستنەکەی یەکەم دەڕوا. ئەگەر بە زەبەلاحی و پێکهاتەی ئاڵۆز شار بجەپەسێ، ئەوە خودی ئەو تایبەتمەندییە ڕیشە و بناغەیەکی لە سروشتی مرۆییدا هەیە، کە دەکرێ لە ڕێگەی سروشتی پێکهاتەی شارەوە تێی بگەین و هەڵی بهێنجین(Linder,١٩٩٦: ١١٢).

(پارك) وێنەیەکی دیاریکراوی بۆ شاری مۆدێرن کێشاوە، کە هەڵگری چەندان ڕەهەندی جیاوازە، ئەو جەخت لەسەر ڕەهەندی دەرونیی ژیانی شارنشینی دەکاتەوە، تیشکی خستۆتە سەر ئەوەی کە ژیان لە ناو شاردا وا لە مرۆڤ دەکات کەمتر سۆزدار بێت و زیاتر عەقڵانی بێت. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە نەمانی پەیوەندییە سۆزدارییە نەریتییەکان لە شار، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی تازە، کە لە بنەڕەتەوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هەڵچنراوە.

لە کۆتاییدا ڕۆبێرت پارك پێیوایە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی خەڵك و بەشی هەرە زۆری گۆڕانکاریی کولتوری کۆمەڵگە، پەیوەندیی بە گۆڕانکاریی پانتایی شارەوە هەیە (غيث،١٩٨٨ : ٣٨).

دووەم : لویس ویرس: (Louis Wirth)

ویرس ساڵی (١٩٣٨) تیۆرییەکەی خۆی لە وتارێکدا بە ناونیشانی (شارنشینی وەك شێوازێکی ژیان) لە گۆڤاری کۆمەڵناسیی ئەمریکیدا بڵاوکردەوە، کە یەکێکە لە ناودارترین ئەو تیۆرییە سۆسیۆلۆژیانەی لە دیدە ئیکۆلۆژییەکەوە دەستی پێکردووە، کە پێیوایە گەشە و هەمەجۆریی شار دەبێتە هۆی لاوازبونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو شاردا، (ویرس) پێیوایە شارنشینی لە سێ توخمی گرنگ پێکهاتووە (قەبارە، چڕی، ناڵێکچوون)، کە خەسڵەت و تایبەتمەندیی ئیکۆلۆژییانەی خەڵکی شار، لە جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان، دیاری دەکەن.(Wirth,١٩٣٨: ١٠).

بە بۆچونی ئەو، تا قەبارەی کۆمەڵگەی شارنشینی (شار) گەورەتر بێت، چوارچێوەی "هەمەجۆریی تاکەکەسی" زیاتر دەبێت و ڕێژەی جیاکاریی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکان بەرزتر دەبێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی پەرەسەندنی زیاتر گۆشەگیری شوێنیانەی تاکەکان و گروپەکان، ئەو دابڕان و گۆشەگیرییە شوێنییەش دەبێتە هۆی لاوازبونی پەیوەندییەکانی دراوسێیەتی و هەست و سۆز و ئەو پەیوەندییانەی بەهۆی

پێکەوەژیانەوە دروست دەبن و وەك نەریتێکی هاوبەش بۆ نەوەکانی داهاتو دەمێننەوە، بەو هۆیەشەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان سروشتێکی دابەشکاری وەردەگرن و لە ڕێگەیانەوە مرۆڤی شارنشینی کۆمەڵە کەسێك دەناسێ، ناسینەکەش ڕەهەندێکی کەمتر سۆز و خۆشەویستیی تێدایە و زیاتر لەسەر سود و قازانجی کەسی دروستبووە ). (Wirth,١٩٣٨: ١٢)

هەروەها زۆربون و چڕبی ژمارەی دانیشتوان دەبێتە هۆی فراوانبونی چوارچێوەی هەمەجۆر لە تاکەکان، بە جۆرێك تا ژمارەی تاکەکانی بەشدار لە پرۆسەی کارلێك زیاتربن، ئەوا جیاوازیی کەسایەتی و کۆمەڵایەتیی نێوانیان زیاتر دەبێت، بە مانای دابڕانی گروپەکانی خەڵك لە یەکتر، هەروەها چڕی لێکەوتەی کۆمەڵایەتی و دەرونیی خۆی دەبێ، واتە ڕادەی لێکنزیکیی فیزیکیی نێوان تاکەکان زیاد دەکات، کەچی لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە لێك دور دەکەونەوە. ئەوەش دابڕانی شوێنی بەدوادا دێ، بە مانای دابڕانی گروپەکانی خەڵك لە یەکتر، هەروەها زیاتربونی چڕیی دانیشتوان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پسپۆڕیەتی و دابەشبونی کار و کەمبونەوەی ڕۆڵە سەرەتاییە دامەزراوەییەکان، دامەزراوە ڕەسمییەکانیش ئەو ڕۆڵانە ڕادەپەڕێنن، هەر ئەوەش دەبێتە هۆی لاوازبونی جۆرە نەریتییەکانی پەیوەندیی خزمایەتی، دراوسێیەتی و خێزان، ئەو پێیوایە خێزان یەکێکە لە گرنگترین ئەو گروپە سەرەتاییانەی، کە ژیانی شارنشینی زیانی پێ گەیاندووە، چونکە ڕۆڵ و گرنگیی خێزانی لاوازکردووە و ڕۆڵەکانی خێزانی بەخشیوە بە دامەزراوەکانی دیکە، قەبارەی خێزانیش بەهۆی کەمبونەوەی ژمارەی منداڵ و دواخستنی هاوسەرگیری، بچوك بووەتەوە. (ناصف،٢٠٠٦ :٧٩).

نالێکچوویی دانیشتوانیش کە یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی شار و بەرهەمی هەردو تایبەتمەندیی قەبارە و چڕیی دانیشتوانە، دەبێتە هۆی جیاوازیی دانیشتوان لە ڕوی نەژاد و زمان و ئایین و دۆخی ئابوری و ئاستی خوێندەواری و هتد، تا دەگات بە پەیوەندییەکی لاوەکیی خەڵکی شار لەگەڵ یەکتر، چونکە خەڵکی لە پەیوەندییەکانیاندا زیاتر مەیلیان بەلای ئەو کەسانەدایە کە لە خۆیان دەچن، جا لەبەر ئەوەی زۆرینەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی شار پەیوەندییەکی کاتین، ئەوا تاك لە شاردا پەیوەندییەکی هەیە، کە دەستکەوت و قازانجێکی زۆری بۆی هەیە، بۆیە هەمیشە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەگۆڕێ، سیستەمی کۆمەڵایەتیش دەبێتە سیستەمێکی نەرمتر و بەو هۆیەشەوە بزاوتی کۆمەڵایەتی و ناسەقامگیری و نەبونی ئاسایش زیاتر دەبێت. (Salemo,١٩٩٢: ٥١).

بە پشتبەستن بە تیۆرییەکەی "لویس ویرس" سەبارەت بە شارنشینی، چەند گۆڕاوێکی سەرەکی هەن بریتین لە (قەبارە و چڕی و نالێکچون)، کۆمەڵگەی شارنشینی پێ جیادەکرێتەوە، یەکەی نیشتەجێبونی ستونیش کە لە شاری مۆدێرندا پەیدا بووە و بەرهەمێکی پێشکەوتنی بیناسازی و تەلارسازییە لە شاردا، زادەی گەورەبیی قەبارەی شار و بەرزیی چڕیی دانیشتوانە، بۆیە یەکەی نیشتەجێبونی ستونی بووەتە چارەسەرێك بۆ قەیرانی دانیشتوان لە شارە گەورەکاندا، کە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتیی زۆری لێکەوتۆتەوە، ئەوەش بە هۆی گەورەبیی قەبارەی ئەو شارەی کە ئەو جۆرە یەکانەی لێیە، چونکە لەو یەکانەدا خێزانی هەمەجۆریان تێدایە، بەو هۆیەشەوە لەو جۆرە ماڵانەدا دانیشتوانەکەی دوچاری گۆشەگیری و دابڕانی شوێنی دەبن، ئەو دابڕانەش زادەی هەمەجۆریی دانیشتوانەکەیەتی، بە جۆرێك بووەتە هۆی کەموکوڕتی و ساردوسڕی لە پەیوەندییە دراوسێیەکانی نێوان دانیشتوان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش سروشتێکی دابەشکارانە وەردەگرن، بە جۆرێك خەڵکی شار زانیارییەکی کەمی سەبارەت بە خەڵکانی دیکە هەیە و پەیوەندی و کەرموگوڕیی نێوانیشیان زۆر کەمە.(سعید،٢٠٠٦ : ٣٥)

لە کۆتاییدا لە تیۆرییەکەی ویرسەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە قەبارەی شار و چڕیی بەرز و نالێکچوویی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکانی شار بەردی بناغەی زۆرێك لەو ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیانەیە کە بە هۆی لاوازبون و سنورداریەتیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانەوە ڕوودەدەن، بە شێوەیەك تا شار لە ڕوی قەبارەوە گەورەتر بێت، واتە خەڵکی زیاتر تێیدا نیشتەجێبون، پەیوەندیی نێوان ئەو خەڵکە لاوازتر دەبێ، هەروەها سروشتی پەیوەندییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێ و دەبنە پەیوەندیی ناکەسی و ڕواڵەتی و کاتی و تێپەڕ، ئەگەر ئەو پەیوەندییە دروستیش بێن ئەوە پەیوەندییەکی قازانجخوازانەی نێوان تاکەکانە، کەوایە زۆرینەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندیی لاوەکین، خەڵکی شار مامەڵە لەگەڵ کەسانێکدا دەکەن کە هیچ پەیوەندیەکی تاکەکەسی گەرموگوڕیان لە نێواندا نییە، بۆیە زیاتر گیانی تاکگەرێتیان تێدا گەشە دەستێنێ و زیاتر تیشکیان لەسەر خۆیانە، لە شاری هەولێریش ئەوە بەڕونی لەیەکەکانی نیشتەجێبونی ستونیدا دیارە.

## ٢.٣ توێژینەوەکانی پێشتر

**یەکەم: توێژینەوەی ئالان فریدون علی امین (٢٠١٣)** بەناونیشانی **(هەڵسەنگاندنی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە پانتاییە کراوەکانی کۆمەڵگای نیشتەجێبونی مۆدێرن لە شاری سلێمانی).** ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕونکردنەوە و خستنەڕوی گرنگیی پانتاییە کراوەکان و کاریگەرییان بە کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ژینگەی نیشتەجێبوندا، هەروەها هەڵسەنگاندنی پانتاییەکراوەکان لە کۆمەڵگا نوێیەکانی نیشەجێبون و ڕادەی کاریگەرییان بە کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە. توێژەر میتۆدی پەسنیی شیکاری بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەی، هەروەها کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتی بووە لە چوار پرۆژەی نیشتەجێبونی ستونی و سێ پرۆژەی تێکەڵاو، کە بریتی بون لە پرۆژەکانی (گۆیژەستی– ستونی، کوردستی١- ستونی، گاردن ستی- ستونی، کوردستی٢- ستونی- تێکەڵاو) کە لەڕێگەی نمونەی هەڕەمەکی و دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی (٧٠٠) نمونەی وەرگرتووە (٤٥٤) لە ڕەگەزی نێر و (٢٤٦) لە ڕەگەزی مێ و لە هەر پرۆژەیەك (١٠٠) نمونەی وەرگرتووە. زۆرترین ڕێژەی تەمەن لە نێوان (٢٥-٣٥) ساڵیدا بون (٦٩٪)ی لێتوێژەران خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بون و زۆربەیان بۆ ماوەی (٢ بۆ ٣) ساڵە لەوێ نیشەجێن.

لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بەم ئەنجامانە گەیشت: کارلێکی کۆمەڵایەتیی پرۆژە هەڵبژێردراوەکان لە پرۆژەیەکەوە بۆ پرۆژەیەکی تر دەگۆڕێ، وەك لە شیکاری داتاکاندا دەردەکەوێت، وەك دیارە کە لە یەکەکانی (B1 ـ گۆیژەستی) ڕێژەی کارلێکی کۆمەڵایەتی ناوەندە بە ڕێژەی (٦١٪)، هەروەها (١٩٪) لە کارلێکی کۆمەڵایەتیی باشدان. هەروەها لە پرۆژەی (کوردستی١ باڵەخانەی B2) دیارە، کە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی بەرزی لاوازیدایە بەڕێژەی (٥٧٪)، هەروەها مامناوەندە بەڕێژەی (٣٧٪)، بە هەمان شێوە لە (کوردسی٢ باڵەخانەی B3) پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لاوازە بەڕێژەی (٦٤٪)، هەروەها لە (دیەستی ـ B4 ) کارلێکی کۆمەڵایەتی لاوازە بەڕێژەی (٦١٪). لە پرۆژەی (گاردن ستی ـ B5 ) یشدا بە دیارکەوتووە، کە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکاندا لە ئاستی مامناوەند دایە بە ڕێژەی (٥٩٪)، هەروەها لە (گوندی ئەڵمانی١) پەیوەندییەکان لە ئاستی مامناوەنددان، بەڕێژەی (٦٣٪)، هەروەها بە ڕێژەی (٢١٪) پەیوەندییەکان لە ئاستێکی لاوازدان، بەڵام لە (گوندی ئەڵمانی٢) پەیوەندییەکان لە ئاستێکی لاوازدان بەڕێژەی (٥٥٪)، هەروەها

مامناوەندن بەڕێژەی (٣٩٪)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندییەکان، لە پانتاییەکراوەکانی ئەم پرۆژە نوێیانەدا، لە ئاستێکی لاوازدان. (امین، ٢٠١٣)

**دووەم: توێژینەوەی شەهلا وەلی جبار(٢٠١٤)** بە ناونیشانی (**کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نیشتەجێبونی ستونی ـ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە کۆمەڵگای هاناستی لە شاری هەولێر).** ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە تیشکخستنە سەر هەندێك لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی یەکەی نیشتەجێبونی ستونی لە شاری هەولێر، دەرخستنی هەندێك لە لایەنە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی شوێنی نیشەجێبونی ستونی لە شاری هەولێر و خستنەڕوی شێوازەکانی شوێنی نیشتەجێبون لە شاری هەولێر. توێژەر میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بە نمونەی بەکارهێناوە، بەڵام سەبارەت بە جۆر و قەبارەی نمونەکە، نمونەی هەڕەمەکیی هێشوویی بەکارهاتووە. قەبارەی نمونەی توێژینەوەکەی بریتییە لە (٢٧٤) خێزان.

ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کە تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە تەمەنیان لە نێوان (٢٧-٣٧ ) ساڵیدایە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خێزانەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە خێزانی بچوك پێکهاتون، نزمیی ئاستی خوێندەوارییان ڕەنگدانەوەی لەسەر چەندێتیی هەستکردن بە کێشەکانیان و نەبونی پێداویستییەکان هەبوە لە کۆمەڵگای هاناستی؛ زۆربەی خێزانەکان پێیانوایە لە ڕوی خزمەتگوزارییەوە کەموکورییان هەیە و ئەگەرناچارنەبن لێرە نیشتەجێ نابن. بەهۆی نزیکیی ئاستی ئابوری و کۆمەڵایەتییان پەیوەندیی دراوسێتییان لەگەڵ یەکتری باشە. زۆربەی خێزانەکان بە دەست قەرەباڵغی و دەنگەدەنگ هەراسانبون. هەروەها نەبونی (ئاسانسوار) بەرزکەرەوەی کارەبایی و کەمیی ئاو، بە تایبەت لە یەکەکانی سەرەوە، کێشەی بۆ دروستکردون. ( وەلی، ٢٠١٤).

**سێیەم: توێژینەوەی عبد الرزاق صالح محمود (٢٠١٢)** بەناونیشانی (**واقعی نیشتەجێبونی ستونی لە شاری موسڵ).**

توێژینەوەکە باس لە بارودۆخی نیشتەجێیانی باڵەخانە ستونییەکان لە شاری موسڵ دەکات. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دەستنیشانکردنی سروشتی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی لە میانەی خستنەڕوی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو یەکانە، بەپێی تێڕوانینی لێتوێژەران کە لەم یەکانەی نیشتەجێبونی ستونیدا دەژین، توێژەر میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتیی بەکارهێناوە. نمونەی توێژینەوەکەی بریتی بووە لە (٨٠) لێتوێژەر، فۆرمی ڕاپرسی ئامرازی سەرەکیی توێژەر بووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری. توێژەر لە توێژینەوەکەیدا، ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بەکارهێناوە.

توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێك گەیشت، وەك نیشتەجێبونی ستونی لەلایەنی ئەرێنییەوە چارەسەرێکی باشە بۆ کێشەی کرێچێتی، کە زۆربەی خێزانەکان لە کۆمەڵگەدا بە دەستییەوە دەناڵێنن، بەڵام لەلایەنی کۆمەڵایەتی و ئاینییەوە گرفت دروست دەکات؛ ئەگەر جۆرێك لە تایبەتمەندی تیایدا بەدەست نەیەت بۆ تاك و خێزان لەگەڵ خێزانەکانی دیکە، کە لە هەمان کۆمەڵگای نیشتەجێییدا بەیەکەوە دەژین. ( محمود ،٢٠١٢).

**چوارەم: توێژینەوەی عماد عبید حمد الجنابي (٢٠١٦)** بە ناونیشانی (**گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی نیشتەجێبونی ستونی؛ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری بابل).**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە خستنەڕوی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی نیشتەجێبونی ستونی لە کۆمەڵگای ئەسکەندەریەی پارێزگای بابل، کە بریتین لە دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی پەنابردن بۆ ئەو جۆرە فراوانبونە ئاوەدانی و تەلارسازییە. هەروەها هەوڵدان بۆ پێدانی وێنەیەکی ڕون سەبارەت بە سروشتی نیشتەجێبونی ستونی و ئەو ئەرك و خزمەتگوزارییەی تێیدایە. لەگەڵ ڕونکردنەوەی لایەنە باش و خراپەکانی نیشتەجێبونی ستونی، لە ڕوانگەی نیشتەجێبووانی ئەو جۆرە باڵەخانانەی نیشتەجێبون و ئاشنابون بە سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە.

توێژەر نمونەیەکی قەبارە (٢٠٠) کەسیی هەڵبژاردووە، بریتین لە (٢٠٠) خێزان، لە یەکەی نیشتەجێبونی ستونیدا دەژین و نوێنەرایەتیی توێژینەوەن، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی پەسنیی شیکارییە، پشت بە میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی دەبەستێ و فۆرمی ڕاپرسی کەرەستەی سەرەکیی کۆکردنەوەی داتایە، پاش تێپەڕینی بە چەندان قۆناغدا لە پێناو بەدیهێنانی جێگیری و ڕاستگۆیی، سەرەڕای چاوپێکەوتن و تێبینیی سادە، هەروەها داتای ناو فۆرمەکان لە ڕێگەی پرۆگرامی(SPSS )ەوە بەتاڵکراونەتەوە و لە ڕوی ئامارییەوە شیکراونەتەوە.

ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەیشت بریتی بون لەوەی، کە لە توێژینەوەکەدا بەشداریی ڕەگەزی مێ زیاتربو لە ڕەگەزی نێر، بەڕێژەی (٥٣٪). لێتوێژەران تەمەنیان لە نێوان (٤١-٥٠) ساڵیدابو، (٥٠٪) یان لە ڕوی پیشەوە فەرمانبەربون، (٨٢٪) لە دانیشتووانی ئەو کۆمەڵگایە خاوەنی یەکەکەن، (٦٩٪)ی نمونەی توێژینەوەکە لە ڕوبەری یەکەکانیان ڕازی نین، (٨٣٪)ی لێتوێژەران پێیانوابو ئەگەر بۆیان بڕەخسێ ئەو شوێنە جێدەهێڵن و دەچن بۆ شوێنێکی تر؛ بەهۆی زۆریی ژمارەی ئەندامانی خێزان، (٨٢٪)ی لێتوێژەران پێیانوایە لەلایەنی ئەمن و ئاسایشەوە هەست بە ئارامی دەکەن. (٨١٪)یان پێیانوایە کە شوێنیان بۆ کەلوپەلی زیادە نییە. (٦٩٪) یان پێیانوایە بە هۆی لێکنزیکیی دەرگا و پەنجەرەکان، هەست بە سەربەخۆیی ناکەن. (٧٢٪)یان لە ژاوەژاوی یەکەکانی سەرەوە بێزارن. (٥٨٪)یان بە دەست نەگەیشتنی ئاو بۆ یەکەکانیان دەناڵێنن؛ بە هۆی بەرزیی یەکەکانیان، هەروەها زۆربەیان پێیانوایە کە ڕێژەی سەوزاییان کەمە و کێشەی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلەکانیان هەیە. لە لایەنی کۆمەڵایەتیشەوە (٧٧٪)یان پێیانوایە پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان باشە؛ (٤٠٪)یان لەگەڵ یەکەکانی دراوسێیان پەیوەندییەکی ڕوکەشیان هەیە، زۆربەی خێزانەکان هەست بە سەربەخۆیی ناکەن، هەروەها لە لایەنی کارەبا و پیسیی ئاو و بچوکیی شوێنی یاریی منداڵان، کێشەیان هەبوە. ( الجنابي ، ٢٠١٦ )

### ٤.٢ پەرەسەندنی مێژوویانەی نیشتەجێبونی ستونی لە شاری هەولێر

پاش ئەو فراوانبونەی بەم دواییە شاری هەولێری پێدا تێپەڕبووە، بەتایبەت پاش ساڵی (١٩٩١) و لێدانی ڕێگەی تازە و دابەشکردنی زەوی بەسەر سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگە و فراوانبونی زیاتری گەڕەکەکان و بازاڕەکان و فرۆشگاکانی شار، هەولێریان لە شارێکی بچوکەوە گۆڕی بۆ سەنتەری کارکردن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەش فراوانبونی بەکارهێنانی نیشتەجێبون و فراوانبونی سنوری شار، بووە هۆی سەرهەڵدانی مۆدێلی تازەی یەکەی نیشتەجێبون بە هەردو شێوە ئاسۆیی و ستونییەکەی.

**نیشتەجێبونی ستونیی کەرتی گشتی لە ساڵی (١٩٩٠)**

ئەو جۆرە خانووەی کە زیاتر لە دو نهۆم پێکهاتووە، واتە شێوەی باڵەخانەی نیشتەجێبون کە کۆمەڵێك یەکەی نیشتەجێبونی لەخۆگرتووە و لەسەر زەوییەکی سنوردار بونیادنراوە بە مەبەستی سنوردارکردنی فراوانبونی ئاسۆیی، ئاشکرایە زۆرینەی پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە عیراق لە شاری بەغدا چڕبووەتەوە، بۆیە پشکی شاری هەولێر لە خانوی حکومی زۆر کەم بووە، بەتایبەت یەکەی نیشتەجێبونی ستونی، بەراورد بەو یەکە نیشتەجێبونانەی کە بە شێوەیەکی گشتی لە عیراق دروستکراون (الحدیدي،١٩٨٣ :٧٧). حکومەت لە ناوەڕاستی ساڵی حەفتاکان چەند کۆمەڵگایەکی نیشتەجێبونی بە شێوازی ستونی لە شاری هەولێر دروستکرد، کە(٩٨٦) یەکەی

نیشتەجێبون بووە، یەکەمجار هەردوو کۆمەڵگای ( ئیسکان و زانیاری ) بون، لە ( ٥٥٠ ) یەکەی نیشەجێبون پێکهاتوون، ئەم یەکانە بچوك بون و نەیاندەتوانی پێداویستی تەواوی خێزانەکان دابین بکەن، بە تایبەت خێزانی گەورە، لە سەرەتای هەشتاکانیش (کۆمەڵگای ڕوناکی) دروستکرا، کە ئەوکاتە بە پرۆژەیەکی باشی نیشتەجێبون دادەنرا لە ڕوی ئەندازیاری و کوالیتی؛ زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی بۆ دابینکرابو، (١٠٨) یەکەی ستونی بو لە (١٢) باڵەخانەدا، کە لە یەکەی گەورە و بچوك پێکهاتبون، زۆرینەشیان بەسەر فەرمانبەرانی حکومیی شارەکەدا دابەشکرابون. وێرای (٤٢٠) یەکە بۆ بەڕێوەبەرایەتییە ناوخۆییەکان، (١٨٤) یەکە بۆ سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەدین لەناو کۆلێژی ئەندازیاری، (٤٠) یەکە بۆ وەزارەتی ئەوقاف تەرخانکرابو. وەك لە خشتەی ژمارە (١) دەردەکەوێ، ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبون لەو یەکانەی لەلایەن کەرتی گشتیی (حکومی)یەوە لە شاری هەولێر دروستکراون، بەسەر کەرتە گشتییەکانی شاردا دابەشکراون.(صالح،٢٠٠١ :١٠١) .

خشتەی (١)

ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبون کە تا ساڵی (١٩٩٠) لە هەولێر دروستکراون

| ز | کەرت | ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبون | ژمارەی شوقە | کۆی گشتی یەکەی نیشتەجێبون |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کەرتی پیشەسازی | ٩١٤ | نییە | ٩١٤ |
| ٢ | کەرتی کشتوکاڵی | ٢٣٩ | ٦٠ | ٢٩٩ |
| ٣ | کەرتی دارایی | ٤٦٩ | ٢٦٤ | ٧٣٣ |
| ٤ | کەرتی تەندروستی | ١٩ | نیە | ١٩ |
| ٥ | کەرتی پەروەردە | ٨٩ | نیە | ٨٩ |
| ٦ | کەرتی ناوخۆیی | ٦٢٩ | ٤٢٠ | ١٠٤٩ |
| ٧ | وەزارەتی ئەوقاف | ٢٤ | ٤٠ | ٦٤ |
| ٨ | کەرتی خوێندنی باڵا | ١٣٢ | ١٨٤ | ٣١٦ |
| کۆ | ٨ | ٢٥١٥ | ٩٦٨ | ٣٤٨٣ |

**نیشتەجێبونی ستونی کەرتی تایبەت پاش ساڵی (١٩٩١)**

لە ماوەی ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردو، لە ڕوی چۆنیەتی و چەندیەتی هیچ پێشکەوتنێکی وا سەری هەڵنەداوە، بەتایبەت شوققەی نیشتەجێبون بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە ئابوری و ئاسایشی و سیاسییەی کە عیراق بە شێوەیەکی گشتی و شاری هەولێر بەتایبەت پێیدا تێپەڕیوە، سەرەڕای ئەوەی ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی خێزانەکان زیادی کردووە و پێویستیش بۆ یەکەی نیشتەجێبون زیاتر بووە، دۆخەکە هەروا بەردەوام بو تا دەگەینە هەزارەی دووەم، ئینجا ڕەوتی گۆڕانکاری دەستپێدەکات و کۆمەڵێك پرۆژەی نیشتەجێبون لە هەولێر دروست دەبن، ئەوە لەگەڵ دامەزراندنی دەستەیەك بە ناوی (دەستەی وەبەرهێنانی هەرێم) کە پرۆژەکانی نیشتەجێبونی جێبەجێ دەکرد لە هەردو جۆری (نیشتەجێبونی ستونی و نیشتەجێبونی ئاسۆیی)، بە دیاریکراوی پاش ساڵی (٢٠٠٥)، واتە بەر لە دروستکردنی دەستەی وەبەرهێنان لە ساڵی (٢٠٠٦). لە خشتەی ژمارە (٢) دەردەکەوێت لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠١٠) پێشکەوتنێکی بەرچاو لە ژمارەی باڵەخانەکان و یەکەکانی نیشتەجێبوندا ڕویداوە، لە ساڵی (٢٠٠٥) کۆمەڵگەی نیشتەجێبونی هانا ستی دامەزراوە و (٨٣) باڵەخانەی نیشتەجێبونی سێ نهۆمیی دروستکراوە، کۆی یەکەکانی نیشتەجێبون بە ڕوبەری (١٢٥م) گەیشتووەتە (٩٩٦) یەکەی نیشتەجێبون، زۆرینەی پرۆژەکانی نیشتەجێبونە ئاسۆیی و ستونییەکان لەلایەن کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتەوە دروستکراون، جا ئەو کۆمپانیایانە (ناوخۆیی بوبن یان بیانی). لە ڕوی پێگەی جوگرافیشەوە، پشکی شێری ئەو پرۆژانە کەوتووەتە سەر ڕێگەی کەسنەزان یان ڕێگەی هەولێر- کۆیە (سعید،٢٠١٩ :١٩٨١). بە لەبەرچاوگرتنی فراوانبونی ئەو زەویانەی بۆ پرۆژەی نیشتەجێبون بەکارهێنراون، هەروەها لەبەرئەوەی پرۆژەکانی نیشتەجێبونی ستونی تارادەیەك ئەزمونێکی تازە بووە و وەبەرهێنەرەکانیش زیاتر ڕویان کردە هەرێم، بە تایبەتیش شاری هەولێر، هەروەها سەرەڕای بونی کەموکوڕی لە جێبەجێکردنی هەندێ پرۆژەی نیشتەجێبون، بەڵام ئەو ماوەیە سەرەتای هەڵسانەوەی کەرتی نیشتەجێبون بو بە شێوەیەکی گشتی و نیشتەجێبونی ستونیش بەتایبەت.

لە ساڵانی (٢٠١١- ٢٠١٥) قەبارەی پرۆژەی نیشتەجێبون و بە تایبەتی نیشتەجێبونی ستونی زیاتر بووە، ئەوەش بە ڕونی لە خشتەی ژمارە (٣)دا دەردەکەوێ، ئاراستەکە لەو ماوەیە بەرەو ڕێگەی (هەولێر- پیرمام) بووە، هەروەها ناوچەکانی ناوەوەی شار، وێرای ڕێگەی (هەولێر- کۆیە). بەراورد بە ماوەی پێشوو، دەبینین کۆی گشتیی یەکەی نیشتەجێبون (٦٦٤٨) یەکە بووە، بەڵام دەبینین یەکەکانی نیشتەجێبون زیادیکردووە و گەیشتووەتە (١٠٥٤٥) یەکەی نیشتەجێبون.(هەمان سەرچاوە،٢٠١٩ : ١٩٨٢).

خشتەی (٢)

ئەو یەکە نیشتەجێبونانەی کە لە ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠١٠) لە شاری هەولێر مۆڵەتی دروستکردنیان پێدراوە

| ز | ناوی پرۆژە | پێگەی جوگرافی | ڕوبەر بە دۆنم | ژمارەی باڵەخانەکان | ژمارەی نهۆمەکان | ژمارەی شوقەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | شایان ستی | ڕێگەی کەسنەزان | ٦٤،٨٠ | ٢٠ | ٥-٣ | ٦٢٦ |
| ٢ | Empire world | شەقامی ١٠٠ | ٣٠١ | ٣٠ | ٢٩-٩ | ٣٥٠٠ |
| ٣ | کۆمەڵگەی هەرشەم | ڕێگەی کۆنی بەحرکە | ٨٨،٩٧ | ٤ | ٩-٨ | ١٦٠ |
| ٤ | دەشتی بەهەشت | کەسنەزان نزیك پیرەش | ١٥٠ | ٢٧ | ٦ | تەواونەکراو |
| ٥ | گوندی بانك | ڕێگەی کۆنی بەحرکە | ٦٦ | ٥ | ٧-٦ | ٢٤٠ |
| ٦ | شاری کامەرانی | شەقامی (١٢٠) | ٤٤ | ٧ | ١٠-٩ | ٢٠١ |
| ٧ | ئالان ستی | شەقامی (١٢٠) تورەق | ٢٩،٤٢٦ | ٩ | ٨ | ٢٨٨ |
| ٨ | ژیان ستی | ماجدی لاند | ١٤٥،٦٢ | ١٤ | ٨ | تەواونەکراو |
| ٩ | نەوروز ستی | شەقامی (١٠٠م) | ٢١،٥٠ | ١٣ | ٤-٢ | ١٠٠ |
| ١٠ | کوردستان ستی | شەقامی (١٥٠) | ٨٤،٤٨ | ١٣ | ٧-٦ | ٣١٢ |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/١٠،١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٢٦-٤٠

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١١ | هاناستی | ڕێگەی کەسنەزان | ٢٠٥،٣٦ | ٨٣ | ٣ | ٩٩٦ |
| ١٢ | ناز ستی | شەقامی (٤٠م) | ٢٦،٥٥٨ | ١٤ | ١١-١٤ | ٧٠٠ |
| ١٣ | گوندی ئینگلیزی | تەنیشت ئیمپایەر وۆرلد | ١٦٠،٤ | ٣ | ١٠ | ١٢٠ |
| ز | ناوی پرۆژە | پێگەی جوگرافی | ڕوبەر بە دۆنم | ژمارەی باڵەخانەکان | ژمارەی نهۆمەکان | ژمارەی شوقەکان |
| ١ | شایان ستی | ڕێگەی کەسنەزان | ٦٤،٨٠ | ٢٠ | ٣-٥ | ٦٢٦ |
| ٢ | Empire world | شەقامی ١٠٠ | ٣٠١ | ٣٠ | ٩-٢٩ | ٣٥٠٠ |
| ٣ | کۆمەڵگەی هەرشەم | ڕێگەی کۆنی بەحرکە | ٨٨،٩٧ | ٤ | ٨-٩ | ١٦٠ |
| ٤ | دەشتی بەهەشت | کەسنەزان نزیك پیرەش | ١٥٠ | ٢٧ | ٦ | تەواونەکراو |
| ٥ | گوندی بانك | ڕێگەی کۆنی بەحرکە | ٦٦ | ٥ | ٦-٧ | ٢٤٠ |
| ٦ | شاری کامەرانی | شەقامی (١٢٠) | ٤٤ | ٧ | ٩-١٠ | ٢٠١ |
| ٧ | ئالان ستی | شەقامی (١٢٠) تورەق | ٢٩،٤٢٦ | ٩ | ٨ | ٢٨٨ |
| ٨ | ژیان ستی | ماجدی لاند | ١٤٥،٦٢ | ١٤ | ٨ | تەواونەکراو |
| ٩ | نەورۆز ستی | شەقامی (١٠٠م) | ٢١،٥٠ | ١٣ | ٢-٤ | ١٠٠ |
| ١٠ | کوردستان ستی | شەقامی (١٥٠) | ٨٤،٤٨ | ١٣ | ٦-٧ | ٣١٢ |
| ١١ | هاناستی | ڕێگەی کەسنەزان | ٢٠٥،٣٦ | ٨٣ | ٣ | ٩٩٦ |
| ١٢ | ناز ستی | شەقامی (٤٠م) | ٢٦،٥٥٨ | ١٤ | ١١-١٤ | ٧٠٠ |
| ١٣ | گوندی ئینگلیزی | تەنیشت ئیمپایەر وۆرلد | ١٦٠،٤ | ٣ | ١٠ | ١٢٠ |

سەرچاوە:

١. هەرێمی کوردستانی عیراق، دەستەی وەبەرهێنان، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنان- هەولێر، بەڕێوەبەرایەتیی توێژینەوە و زانیاری، لیستی پرۆژەی ڕێپێدراو لە پارێزگای هەولێر بە گوێرەی یاسای ژمارە (٤) ٢٠٠٦، لە ڕێککەوتی (٢٠٠٦/٨/١ تا ٢٠١٤/٥/٧).

٢. کۆمپانیای عەقاراتی حاجی سەلام، بۆ فرۆشتن و کڕین و بەکرێدانی یەکەی نیشتەجێبون، ڕێبەری عەقاراتی (HR) چاپی یەکەم، ٢٠١٦.

خشتەی (٣)

ئەو یەکە نیشتەجێبونانەی ساڵی (٢٠١١-٢٠١٧) مۆڵەتی بونیادنانیان لە شاری هەولێر پێدراوە.

| ز | ناوی پرۆژە | پێگەی جوگرافی | ڕوبەر بە دۆنم | ژمارەی باڵەخانە | ژمارەی نهۆم | ژمارەی شوقەی نیشتەجێبون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | MRF roya tower | شەقامی (١٠٠) | ١٢،٤٠٥ | ٣ | ٣٢ | ١١٣١ |
| ٢ | Future city | ڕێگەی شەقڵاوە | ٢٦٨ | ٨ | ١٣ | ٤١٦ |
| ٣ | لاني ستي | نزیکی دەشتی بەهەشت | ١٠٠ | ٥ | ١٠ | ٢٠٠ |
| ٤ | گوندی لوبنانی | ڕێگەی نوێی بەحرکە ١٥٠ | ٩٦ | ٣٢ | ١١ | ٣٣٠٠ |
| ٥ | جیهان ستی | ڕێگەی کەرکوك | ٣٧،٣٢ | ٨ | ١٩ | ٧٠٢ |
| ٦ | ٤ towers | ڕێگەی (٤٠) ڕۆیال | ٣ | ٤ | ٢٠ | ٣٢٠ |
| ٧ | MRF ٥ tower | شەقامی (١٠٠) بەرامبەر (٣٢) | ٥٣٢ | ٥ | ٢٠ | ٢٠٠ |
| ٨ | شاری مامۆستایان | شەقامی (١٥٠) | ٢١٠ | ١٠ | ٨ | ٤٨٠ |
| ٩ | ئەتلانتیك ستی | ڕێگەی کەسنەزان نزیك لانە ستی | ١٢٣،٥٩٥ | ١٢ | ٨ | ٤٠٠ |
| ١٠ | Parkview | (٤٠)م نزیك دریم ستی | ٢٠ | ١٢ | ٢٠ | ٩٦٠ |
| ١١ | Quattro | (٤٠م) نزیك باڵوێزخانەی تورکیا | ٦،٢٩٣ | ٤ | ١٣ | ٥٧٢ |
| ١٢ | Pluse life | کەسنەزان بەرامبەر ئاشتی ستی | ١٨١ | ٨ | ١٣ | ٥٠٤ |
| ١٣ | بەفرین ستی | ڕێگەی شەقڵاوە ویستگەی شێر | ٢١٤ | ٥ | ١٢ | ٢٤٠ |
| ١٤ | Roze tower | کەسنەزان بەرامبەر ئاشتی ستی | ١٠ | ٢ | ١٤ | ٢٨٠ |
| ١٥ | Zaniary tower | شەقامی (٦٠م) بەرامبەر یاریگا | ١٥٣٤ | ٣ | ٢٤ | ٢٤٠ |
| ١٦ | مەم و زین | ڕێگەی موسڵ (٣٢) پارك | ٢٤،٤٤٥ | ٨ | ٢٠ | ٦٠٠ |
| | کۆی گشتی | | | ١٢٩ | | ١٠٥٤٥ |

سەرچاوە: هەرێمی کوردستانی عیراق، دەستەی وەبەرهێنان، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنان- هەولێر، بەڕێوەبەرایەتیی توێژینەوە و زانیاری، لیستی پرۆژەی ڕێپێدراو لە پارێزگای هەولێر، لە ڕێککەوتی ٢٠٠٦/٨/١ تا ٢٠٢٣/٤/١٧.

## ٣. چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە:

### ١-٣. میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی بەکارهاتو لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە میتۆدی پەسنی بە ڕێگەی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە، کە تێیدا ئامار و داتاکان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کۆدەکرێتەوە و

بە شێوەی خشتە و وێنە دەخرێتەڕو. بە ئامانجی ئەوەی سروشتی پەیوەندی و جیاوازیی نێوان گۆڕاوەکان و تاکەکانی توێژینەوەکە بخاتەڕو.

### ٣. ٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگای توێژینەوە کۆی گشتی یەکەکانی توێژینەوەیە، کە توێژینەوەیان لەبارەوە دەکرێت و کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە (Mahmood and Anwar,٢٠٢٤: ٦٤). کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە لە هەمو ئەو خێزانانە پێکدێ کە دانیشتوی کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوی ستونین، کە لە سەنتەری شاری هەولێردا دەژین، هەروەها لە چەند پڕۆژەیەکی جیاواز لە ڕوی شوێنی جوگرافی و ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابوریی جیاوازدا دەژین، بەوەدا کۆمەڵگەی توێژینەوە لە ڕوی ڕەگەز، ئاستی خوێندەواری، ئاستی بژێو، دۆخی کۆمەڵایەتیی نالێکچو و جیاوازە، بۆیە دەکرێ کۆمەڵگەکە بە کۆمەڵگەیەکی نا لێکچو دابنرێ.

### ٣. ٤ نمونەی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا، پەنا براوەتە بەر نمونەی هەڕەمەکیی چینایەتی و نمونەی توێژینەوەکە لە (٣٨٠) یەکە پێکهاتووە، کە دانیشتوی یەکەکانی نیشتەجێبونی ستونین. تایبەتمەندییەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە ڕوی تەمەن و شوێنی نیشتەجێبونەوە بەم شێوەیەی خوارەوە بون:

١. تەمەن: نزمترین تەمەنی نمونەکە بریتییە لە (٢٠) ساڵ و بەرزترین تەمەن بریتییە لە (٦٦) ساڵ، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی تەمەنی نمونەکە بریتییە لە (٤٢,٨٤) بە لادانی پێوەری (١٠,٧٣٩). هەروەها (١٠,٣٪)ی نمونەی توێژینەوەکە تەمەنیان لە نێوان (٢٠ ـ ٢٩) ساڵدایە، (٢٨,٧٪) لە نێوان (٣٠ ـ ٣٩) ساڵدایە، (٣٢,٤٪) لە نێوان (٤٠ ـ ٤٩)، ڕێژەی (١٩,٧٪) لە نێوان (٥٠ ـ ٥٩) و هەروەها (٨,٩٪) لە نێوان (٦٠ ـ ٦٩) ساڵدایە.

خشتەی (٤)

تەمەنی نمونەکە نیشان دەدات

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| ٢٠ ـ ٢٩ ساڵ | ٣٩ | ١٠,٣ |
| ٣٠ ـ ٣٩ ساڵ | ١٠٩ | ٢٨,٧ |
| ٤٠ ـ ٤٩ ساڵ | ١٢٣ | ٣٢,٤ |
| ٥٠ ـ ٥٩ ساڵ | ٧٥ | ١٩,٧ |
| ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ | ٣٤ | ٨,٩ |
| کۆی گشتی | ٣٨٠ | ١٠٠,٠ |

٢. ڕوبەری یەکەکان: کەمترین ڕوبەری یەکەکانی نیشتەجێبون بریتیی بو لە (٧٠) مەتر و گەورەترینی بریتی بو لە (٢٨٥) مەتر، ناوەندی ژمێرەییان (١٤٥,٣٧) مەترە لە لادانی پێوەری (٤٣,٥٦٤). سەبارەت بە ژمارەی ژورەکان، کەمترین ژور (١) ژور بووە، و زۆرترین ژمارەی ژورەکان (٤) ژور بووە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی ژورەکان (٣) ژورە.

## ٤. ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:

### ٤. ١ بونیادنانی پێوەرەکان

بۆ پێوانەکردنی لێکەوتە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان، توێژەر بە سودوەرگرتن لە لایەنی تیۆریی توێژینەوەکانی پێشتر و ڕای شارەزایان، پێوەرێکی دارشت کە لە چوار ڕەهەندی سەرەکی پێکهاتووە، ئەوانیش بریتین لە ڕەهەندەکانی؛ کۆمەڵایەتی، دەرونی، ئابوری و خزمەتگوزاری. بۆ دڵنیابونەوە لەوەی کە بڕگەکان لە ڕوی ئامارییەوە توانای پێوانەکردنی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەی هەیە، هەروەها بە کارتێکەری فاکتەرە کاتییەکان گۆڕانکاریان بەسەردا نایەت، توێژەر تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی لەسەر پێوەرەکە جێبەجێ کرد کە هەنگاوەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بون:

**یەکەم: شیکردنەوەی فاکتەری پشتڕاستکراوە (conformity factor analysis – CFA)**

بۆ بونیادنانی پێوەرەکە لە ڕوی ئامارییەوە شیکردنەوەی فاکتەری پشتڕاستکراوە (conformity factor analysis – CFA)بەکارهات. تاکو دڵنیابێتەوە کە هەر یەك لەو بڕگانەی دانراون لە ڕوی ئامارییەوە دەتوانێت پێوانەی بەشێك لەو گۆڕاوە بکات کە بۆی دانراوە. بۆ ئەو مەبەستە بڕگەکانمان بە گوێرەی لایەنی تیۆری لە نێو پرۆگرامی ئامۆس (AMOS) لەسەر گۆڕاوەکان دانا و پێوەرەکانی "گونجاوبونی فیت" (Goodness- of- Fit) لەسەر مۆدیلەکەیان جێبەجێکرا و لە هەر یەك لە پێوەر و ڕەهەندەکاندا ئەو بڕگانەی کە بارییان کەمتر بو لە (٠,٥٠) سڕانەوە کە بریتی بون لەم بڕگانە. لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بڕگەکانی (١، ٢، ٨، ٩، ١٣، ١٤، ١٥)، لە ڕەهەندی دەرونی بڕگەکانی (٣، ٤، ٦، ٧، ٨، ١٣)، لە ڕەهەندی خزمەتگوزاری بڕگەکانی (٥، ٦، ٩، ١٤، ١٥، ١٦)، هەروەها لە ڕەهەندی ئابوری بڕگەکانی (٣، ٤، ٧، ١١). دوای سڕینەوەی ئەم بڕگانەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، پێوەرەکەمان مەرجەکانی فیتبونی (Goodness- of- Fit) بەدەستهێنا، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (CFI=٠,٩٠٦)، (RAMSEA= ٠,٠٧٥)، (IFI=٠,٩٠٦) وەکو لە خشتەی (٥)دا دەردەکەوێت.

خشتەی (٥)

نیشاندەرەکانی گونجاوبونی مۆدێلەکە نیشاندەدات

| نیشاندەر | بەهای داواکراو | بەهای مۆدیل | دۆخی مۆدیل |
|---|---|---|---|
| CMIN\DF | <٥,٠ | ٣,١٦٠ | زۆرباش |
| GFI (goodness of fit index) | >٠,٩٠ | ٠,٧٨٠ | لاوازە |
| CFI (*Comparative Fit Index*) | >٠,٩٠ | ٠,٩٠٦ | زۆرباش |
| AGFI (Adjusted Goodness of Fit Index) | >٠,٨٠ | ٠,٧٤٩ | باشە |
| RMSEA (Root Mean Square Error of Approximation) | <٠,٠٨ | ٠,٠٧٥ | زۆرباش |
| ***a)*** *NFI (Normed fit index)* | >٠,٩٠ | ٠,٨٦٨ | باش |
| RFI (parsimony normed fit index) | >٠,٩٠ | ٠,٨٥٧ | گونجاوە |
| IFI (Incremental Fit Index) | >٠,٩٠ | ٠,٩٠٦ | زۆرباش |
| PNFI (parsimony normed fit index) | >٠,٥ | ٠,٨٠٣ | زۆرباش |
| PCFI (parsimony comparative fit index) | >٠,٥ | ٠,٨٣٨ | زۆرباش |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/١٠,١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٢٦-٤٠

**دووەم: ڕاستیەتی و جێگیریی پێوەرەکە**

**ڕاستیەتیی بونیادی**

بە مەبەستی دڵنیابون لە ڕاستیەتیی پێوەرەکە لە ڕێگای هاوکۆلکەی پیرسۆن پەیوەستیی هەر بڕگەیەکمان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەی دیاری کرد کە وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، هەمو بڕگەکان لە هەرچوار ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، دەرونی، ئابوری و خزمەتگوزاریدا پەیوەستییەکی بەڵگەداری ئامارییان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەیان هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value<٠,٠١)، بۆیە گشت ئەو بڕگانەی لە پاش شیکردنەوەی فاکتەری لە پێوەرەکە جێگیر بون، وەکو خۆیان مانەوە و ئەنجامەکان نیشان دەدەن کە پێوەری توێژینەوەکە خاوەنی ڕاستیەتیی بونیادییە.

خشتەی (٦)

پەیوەستیی بڕگەکانی پێوەرەکە بە تەوەرەکانیان نیشان دەدات.

| تەوەر | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆمەڵایەتی | ١ | ٠.٨٠٩** | ٣ | ٠,٨٣٢** | ٥ | ٠,٦٨٣** | ٧ | ٠,٨٨١** |
| | ٢ | ٠,٨١٣** | ٤ | ٠,٨٣٠** | ٦ | ٠,٨٥٧** | ٨ | ٠,٧٨٣** |
| دەرونی | ١ | ٠.٧٢٠** | ٣ | ٠,٨٠٩** | ٥ | ٠,٧٦٨** | ٧ | ٠,٨٧٦** |
| | ٢ | ٠,٥٩٣** | ٤ | ٠,٧٤٥** | ٦ | ٠,٧٩٨** | ٨ | ٠,٨٥٠** |
| ئابوری | ١ | ٠.٧٢٤** | ٣ | ٠,٧٦٨** | ٥ | ٠,٧٦٩** | ٧ | ٠,٧٠٢** |
| | ٢ | ٠,٨٠٤** | ٤ | ٠,٨١٨** | ٦ | ٠,٦٣٠** | | |
| | ١ | ٠.٩٠٢** | ٥ | ٠,٨٧٨** | ٩ | ٠,٨٩٦** | ١٣ | ٠,٧٤١** |
| خزمەتگوزاری | ٢ | ٠.٧٧٧** | ٦ | ٠.٧١١** | ١٠ | ٠.٨٧٩** | | |
| | ٣ | ٠,٩٠٠** | ٧ | ٠,٧٦٠** | ١١ | ٠,٩٣٩** | | |
| | ٤ | ٠,٨٨٥** | ٨ | ٠,٨٢١** | ١٢ | ٠,٨٤٠** | | |

** P-Value<٠,٠١

- **جێگیریی پێوەرەکە**

بە ئامانجی دەرهێنانی جێگیریی پێوەری توێژینەوەکە، سودمان لە هاوکۆلکەی ئەلفای کرۆنباخ (Cronbach's Alpha) وەرگرت، تا لەم ڕێگایەوە چونیەکیی نێوخۆیی بڕگەکان تاووتوێ بکەین. وەکو لە خشتەی خوارەوە دەبینرێت؛ بەهای ئەلفای کرۆنباخی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بریتییە لە (٠,٩٢٥)، ڕەهەندی دەرونی بریتییە لە (٠,٩٠٣) و ڕەهەندی خزمەتگوزاری بریتییە لە (٠,٩٦٨)، کە بە ئاستێکی زۆر بەرزی جێگیری ئەژمار دەکرێن. هەروەها بەهای ئەلفای کرۆنباخی ڕەهەندی ئابوری بریتییە لە (٠,٨٦٤)، کە بە ئاستێکی بەرزی جێگیری بە ڕێگا چونیەکیی نێوخۆیی ئەژمار دەکرێن. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە پێوەری توێژینەوەکەمان (ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکانی نیشتەجێبونی ستونی) پێوەرێکی جێگیرە.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەنجامەکانی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پێوەری توێژینەوەکەمان (لێکەوتەی دەرونی و کۆمەڵایەتی) پێوەرێکی ڕاست و جێگیرە و دەتوانین پشت بە ئەنجامەکانی ببەستین.

## ٥. گەنگەشەکردنی ئەنجامەکان بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

**ئامانجی یەکەم: خستنەڕوی ئاستی ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە:**

بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئاستی هەریەك لە گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە سودمان لە ئاماری پەسنی وەرگرت، وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت:

١. لێکەوتەی کۆمەڵایەتی: نزمترین ئاستی لێکەوتەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە نمرەی (١)، کە بریتییە لە بژاردەی (هەرگیز لەگەڵیدانیم) و بەرزترین نمرە (٥)ە، بریتییە لە بژاردەی (زۆر لەگەڵیدام). ناوەندی ژمێرەیی بەشدارانی نمونەکە بریتییە لە (٢,٧٩) لە بژاردەی (هەندێکجار لەگەڵیدام)، نزیك دەبێتەوە بە لادانی پێوەری (١,٠٧٦).

٢. لێکەوتەی دەرونی: نزمترین ئاستی لێکەوتەی دەرونی بریتییە لە نمرەی (١)، کە بریتییە لە بژاردەی (هەرگیز لەگەڵیدانیم) و بەرزترین نمرە (٥)ە، بریتییە لە بژاردەی (زۆر لەگەڵیدام). ناوەندی ژمێرەیی بەشدارانی نمونەکە بریتییە لە (٢,٥٤)، کە دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی (لەگەڵیدا نیم) و (هەندێکجار لەگەڵیدام)، بە لادانی پێوەری (٠,٩٨٥).

٣. لێکەوتەی ئابوری: نزمترین ئاستی لێکەوتەی ئابوی بریتییە لە نمرەی (١,٢٩)، کە لە بژاردەی (هەرگیز لەگەڵیدانیم) نزیکە و بەرزترین نمرە (٥)ە، بریتییە لە بژاردەی (زۆر لەگەڵیدام). ناوەندی ژمێرەیی بەشدارانی نمونەکە بریتییە لە (٣,٥٤)، کە دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی (لەگەڵیدام) و (هەندێکجار لەگەڵیدام)، بە لادانی پێوەری (٠,٩٦٤).

٤. نزمترین ئاستی ڕەهەندی خزمەتگوزاری بریتییە لە نمرەی (١)، کە بریتیە لە بژاردەی (هەرگیز لەگەڵیدانیم) و بەرزترین نمرە (٥)ە، بریتییە لە بژاردەی (زۆر لەگەڵیدام). ناوەندی ژمێرەیی بەشدارانی نمونەکە بریتییە لە (٢,٨٢)، کە لە بژاردەی (هەندێکجار لەگەڵیدام)، نزیکە بە لادانی پێوەری (١,٢٨٣)

خشتەی (٧)

داتای پەسنیی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە نیشان دەدات

| گۆڕاوی توێژینەوەکە | نزمترین نمرە | بەرزترین نمرە | ناوەندی سەنگکراو | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| لێکەوتەی کۆمەڵایەتی | ١ | ٥ | ٢,٧٩ | ١,٠٧٦ |
| لێکەوتەی دەرونی | ١ | ٥ | ٢,٥٤ | ٠,٩٨٥ |
| لێکەوتەی ئابوری | ١,٢٩ | ٥ | ٣,٥٤ | ٠,٩٦٤ |
| خزمەتگوزاری | ١ | ٥ | ٢,٨٢ | ١,٢٨٣ |

کەواتە بەو ئەنجامە دەگەین؛ ژیان لە یەکەکانی نیشتەجێبونی ستونی، بە گشتی لێکەوتەی دەرونیی بەرچاوی نییە و نەبۆتە کێشە بۆ دانیشتوانی ئەو یەکانە. لێکەوتەی کۆمەڵایەتی بە بەراورد بە لێکەوتەی دەرونی، کەمێک بەرزترە، بەڵام لێکەوتەی ئابوری بە بەراورد بە لێکەوتەی دەرونی و کۆمەڵایەتی بەرزترە، ئەمەش دەکرێت بە

هۆی ئەوە بێت، کە ئەو خێزانانەی لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە لە پەیوەندیی دراوسێتی و کارلێک لەگەڵ دەوروبەر بە هۆی سروشتی خانوەکان لە یەکتر دورکەوتونەتەوە، هەروەها کۆمەڵگای کوردییش، گرنگی بە هەندێک نۆرم و بەهای کۆمەڵایەتی دەدەن، بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ دراوسێ و دەوروبەرەکەیان. بە بەراورد بە لێکەوتەی ئابوریش، کە ڕێژەکەی بەرزترە، دەتوانین بۆ ئەوە بیگەڕێنینەوە کە ژیان لەو شوێنانە بێگومان لە ڕوی تێچوی دارایی، بارگرانیی زیاترە، ئەمەش وا دەکات ئەو کەسانە ڕوبەڕوی هەندێک گرفت ببنەوە. بە هەمان شێوە لایەنی داراییش تا ڕاددەیەک پەیوەستە بە لایەنی خزمەتگوزارییەوە؛ لە هەندێک لە یەکەکان ڕەنگە دانیشتوانەکەی کێشەیان لە گەڵ تێچوی خزمەتگوزارییەکان و جۆری خزمەتگوزارییەکان هەبێت .

**ئامانجی دووەم: دەستنیشانکردنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان لەسەر ئاستی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:**

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە نمونەی توێژینەوەکە، ڕۆڵی گۆڕاوە دێمۆگرافییەکانی (تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندەواری و جۆری موڵك) لەسەر ئاستی گۆڕاوەکان تاووتوێ کرا، کە ئەنجامەکانی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١. ڕەگەز: بە مەبەستی دەرهێنانی کاریگەریی گۆڕاوی دیمۆگرافیی ڕەگەز (نێر و مێ)، لەسەر ئاستی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە، تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) بەکارهێنرا. وەکو لە خشتەی (٥) دەردەکەوێت؛ لە هیچ یەك لە ڕەهەندەکاندا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نییە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی (P-Value>٠,٠٥). هەروەها بەهای (t) دەرهێنراو کە بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی (١,٩٦٨).

خشتەی (٨)
ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافیی ڕەگەز لەسەر ئەنجامەکان نیشاندەدات.

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازیی ناوەندەکان | لادانی پێوەری | p- value | بەهای (ت) دەرهێنراو | خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆمەڵایەتی | نێر | ١٨٠ | ٢,٧٩ | ٠,٠١ | ١,١١٨ | ٠,٩٢٣ | ٠,٠٩٧ | ١,٩٦٨ | بەڵگەدار نییە |
| | مێ | ٢٠٠ | ٢,٨٠ | | ١,٠٣٩ | | | | |
| دەرونی | نێر | ١٨٠ | ٢,٤٩ | ٠,١٠ | ١,٠٠٣ | ٠,٣٢٢ | ٠,٩٩٢ | ١,٩٦٨ | بەڵگەدار نییە |
| | مێ | ٢٠٠ | ٢,٥٩ | | ٠,٩٦٩ | | | | |
| ئابوری | نێر | ١٨٠ | ٣,٥٣ | ٠,٠٣ | ١,٠٠٤ | ٠,٧٦٣ | ٠,٣٠٢ | ١,٩٦٨ | بەڵگەدار نییە |
| | مێ | ٢٠٠ | ٣,٥٦ | | ٠,٩٢٩ | | | | |
| خزمەتگوزاری | نێر | ١٨٠ | ٢,٧٩ | ٠,٠٦ | ١,٣٠٣ | ٠,٦٦٩ | ٠,٤٢٨ | ١,٩٦٨ | بەڵگەدار نییە |
| | مێ | ٢٠٠ | ٢,٨٥ | | ١,٢٦٧ | | | | |

Df= ٣٧٨ N= ٣٨٠

**٢: تەمەن:**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافیی تەمەن لەسەر گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (One way ANOVA) بەکارهێنرا، وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، لە گشت ڕەهەندەکاندا (کۆمەڵایەتی، دەرونی، ئابوری و خزمەتگوزاری) جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گروپە تەمەنییەکاندا هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-value=٠,٠٠٠<٠,٠٥).

خشتەی (٩)
کاریگەریی گۆڕاوی دیمۆگرافیی تەمەن لەسەر گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە نیشاندەدات

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | **٢٠ ـ ٢٩ ساڵ** | ٣٩ | ٢,٧٢ | ٠,٩٠٧ | ٧,٢٠١ | ٠,٠٠٠ |
| | **٣٠ ـ ٣٩ ساڵ** | ١٠٩ | ٢,٨٦ | ١,٠٩٥ | | |
| لێکەوتەی | **٤٠ ـ ٤٩ ساڵ** | ١٢٣ | ٣,١٠ | ١,٠٧٧ | | |
| کۆمەڵایەتی | **٥٠ ـ ٥٩ ساڵ** | ٧٥ | ٢,٤٩ | ١,٠٣٨ | | |
| | **٦٠ ـ ٦٩ ساڵ** | ٣٤ | ٢,٢١ | ٠,٨٧٢ | | |
| | کۆی گشتی | ٣٨٠ | ٢,٧٩ | ١,٠٧٦ | | |
| لێکەوتەی دەرونی | **٢٠ ـ ٢٩ ساڵ** | ٣٩ | ٢,٦٦ | ٠,٧٦٢ | | ٠,٠٠٠ |
| | **٣٠ ـ ٣٩ ساڵ** | ١٠٩ | ٢,٦٠ | ١,٠٥٠ | | |
| | **٤٠ ـ ٤٩ ساڵ** | ١٢٣ | ٢,٧٧ | ١,٠١١ | ٦,٥٠٧ | |
| | **٥٠ ـ ٥٩ ساڵ** | ٧٥ | ٢,٢٩ | ٠,٨٨٢ | | |
| | **٦٠ ـ ٦٩ ساڵ** | ٣٤ | ١,٩٥ | ٠,٧٨٩ | | |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/١٠,١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٢٦-٤٠

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | ٣٨٠ | ٢,٥٤ | ٠,٩٨٥ | | |
| لێکەوتەی ئابوری | **٢٠ ـ ٢٩ ساڵ** | ٣٩ | ٣,٦٨ | ٠,٧٢٧ | ٥,٣٩٢ | ٠,٠٠٠ |
| | **٣٠ ـ ٣٩ ساڵ** | ١٠٩ | ٣,٥٥ | ٠,٩٢٧ | | |
| | **٤٠ ـ ٤٩ ساڵ** | ١٢٣ | ٣,٧٨ | ١,٠١٣ | | |
| | **٥٠ ـ ٥٩ ساڵ** | ٧٥ | ٣,٢٦ | ١,٠٢٠ | | |
| | **٦٠ ـ ٦٩ ساڵ** | ٣٤ | ٣,١٤ | ٠,٧٣٥ | | |
| | کۆی گشتی | ٣٨٠ | ٣,٥٤ | ٠,٩٦٤ | | |
| خزمەتگوزاری | **٢٠ ـ ٢٩ ساڵ** | ٣٩ | ٢,٩٨ | ١,٢٣٠ | ٧,٣٢١ | ٠,٠٠٠ |
| | **٣٠ ـ ٣٩ ساڵ** | ١٠٩ | ٢,٨٦ | ١,٣٠٧ | | |
| | **٤٠ ـ ٤٩ ساڵ** | ١٢٣ | ٢,٤٠ | ١,٢١٤ | | |
| | **٥٠ ـ ٥٩ ساڵ** | ٧٥ | ٣,٠٦ | ١,٢٤٧ | | |
| | **٦٠ ـ ٦٩ ساڵ** | ٣٤ | ٣,٥٤ | ١,١٢١ | | |
| | کۆی گشتی | ٣٨٠ | ٢,٨٢ | ١,٢٨٣ | | |

وەکو لە خشتەی سەرەوە دەرکەوت، لە گشت ڕەهەندەکاندا جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان گروپەکاندا هەیە. بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەوەی کە ئەم جیاوازییە بۆ جیاوازی نێوان کام یەك لە گروپە تەمەنییە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە، توێژەر سودی لە تاقیکردنەوەی (لانیکەمی جیاوازی بەڵگەداری فیشەر Fisher least Significant Difference = Fisher LSD) وەرگرت. وەکو لە خشتەی (١٠) دەردەکەوێت:

١. لە ڕەهەندی لێکەوتەی کۆمەڵایەتیدا؛ گروپە تەمەنییەکانی (٢٠ ــ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٤٠ ــ ٤٩ ساڵ)، (٢٠ ــ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٦٠ ــ ٦٩ ساڵ)، (٣٠ ـــ ٣٩ ساڵ لەگەڵ ٥٠ ـ ٥٩ ساڵ)، (٣٠ ـ ٣٩ ساڵ لەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ)، (٤٠ ـ ٤٩ ساڵ لەگەڵ ٥٠ ـــ ٥٩ ساڵ)، (٤٠ ـــ ٤٩ ساڵ لەگەڵ ٦٠ ـــ ٦٩ ساڵ) جیاوازیی بەڵگەداری ئامارییان هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value<٠,٠٥).

٢. لێکەوتەی دەرونی: (٢٠ ــ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٥٠ ــ ٥٩ ساڵ)، (٢٠ ــ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ) جیاوازیی بەڵگەداری ئامارییان هەیە، هەروەها گروپی تەمەنی (٣٠ ــــــ ٣٩ ساڵ) لەگەڵ گشت گروپە تەمەنییەکانی دوای خۆیان جیاوازیی بەڵگەداری ئامارییان هەیە و (٤٠ ـــ ٤٩ ساڵ) لەگەڵ (٥٠ ـــ ٥٩ ساڵ) و (٦٠ ـ ٦٩ ساڵ) جیاوازیی بەڵگەداری ئامارییان هەیە. ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value<٠,٠٥).

٣. لێکەوتەی ئابوری: (٢٠ ــ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٥٠ ــ ٥٩ ساڵ)، (٢٠ ــ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ) جیاوازیی بەڵگەداری ئامارییان هەیە، هەروەها گروپی تەمەنی (٣٠ ــــــ ٣٩ ساڵ) لەگەڵ گشت گروپە تەمەنییەکانی دوای خۆیان جیاوازیی بەڵگەداری ئامارییان هەیە و (٤٠ ـ ٤٩ ساڵ)لەگەڵ (٥٠ ـ ٥٩ ساڵ) و (٦٠ ـ ٦٩ ساڵ) جیاوازیی بەڵگەداری ئامارییان هەیە. ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value<٠,٠٥).

٣. خزمەتگوزاری: لەم ڕەهەندەدا لە نێوان (٢٠ ـ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٤٠ ـ ٤٩ ساڵ)، (٣٠ ـــ ٣٩ ساڵ لەگەڵ ٤٠ ــ ٤٩ ساڵ)، (٣٠ ـــ ٣٩ ساڵ لەگەڵ ٦٠ ــ ٦٩ ساڵ)، (٤٠ ــ ٤٩ ساڵ لەگەڵ ٥٠ ــ ٥٩ ساڵ) و (٤٠ ــ ٤٩ ساڵ لەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ) جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value<٠,٠٥).

خشتەی (١٠)

تاقیکردنەوەی فیشەر بۆ گۆڕاوی دیمۆگرافیی تەمەن نیشاندەدات

| ڕەهەند | گۆڕاوی دیمۆگرافی ئاستی خوێندەواری | جیاوازیی ناوەندەکان | P-Value | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| | ٢٠ ـ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٣٠ ـ ٣٩ ساڵ | ٠,١٣ | ٠,٤٨٩ | بەڵگەدار نییە |
| | ٢٠ ـ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٤٠ ـ ٤٩ ساڵ | ٠,٣٨ | ٠,٠٤٨ | بەڵگەدارە |
| | ٢٠ ـ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٥٠ ـ ٥٩ ساڵ | ٠,٢٤ | ٠,٢٤٩ | بەڵگەدار نییە |
| | ٢٠ ـ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ | ٠,٥٢ | ٠,٠٣٥ | بەڵگەدارە |
| لێکەوتەی کۆمەڵایەتی | ٣٠ ـ ٣٩ ساڵ لەگەڵ ٤٠ ـ ٤٩ ساڵ | ٠,٢٤ | ٠,٠٧٥ | بەڵگەدار نییە |
| | ٣٠ ـ ٣٩ ساڵ لەگەڵ ٥٠ ـ ٥٩ ساڵ | ٠,٣٧ | ٠,٠١٨ | بەڵگەدارە |
| | ٣٠ ـ ٣٩ ساڵلەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ | ٠,٦٥ | ٠,٠٠٢ | بەڵگەدارە |
| | ٤٠ ـ ٤٩ ساڵلەگەڵ ٥٠ ـ ٥٩ ساڵ | ٠,٦١٧ | ٠,٠٠٠ | بەڵگەدارە |
| | ٤٠ ـ ٤٩ ساڵلەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ | ٠,٨٩٨ | ٠,٠٠٠ | بەڵگەدارە |
| | ٥٠ ـ ٥٩ ساڵلەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ | ٠,٢٨١ | ٠,١٩٣ | بەڵگەدار نییە |
| | ٢٠ ـ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٣٠ ـ ٣٩ ساڵ | ٠,٠٦ | ٠,٧٣١ | بەڵگەدار نییە |
| | ٢٠ ـ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٤٠ ـ ٤٩ ساڵ | ٠,١٠ | ٠,٥٦٠ | بەڵگەدار نییە |
| لێکەوتەی دەرونی | ٢٠ ـ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٥٠ ـ ٥٩ ساڵ | ٠,٣٨ | ٠,٠٤٧ | بەڵگەدارە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ٢٠ ـ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ | ٠,٧١ | ٠,٠٠٢ | بەڵگەدارە |
| | ٣٠ ـ ٣٩ ساڵ لەگەڵ ٤٠ ـ ٤٩ ساڵ | ٠,١٦٤ | ٠,١٩٣ | بەڵگەدار نییە |
| | ٣٠ ـ ٣٩ ساڵ لەگەڵ ٥٠ ـ ٥٩ ساڵ | ٠,٣١٥ | ٠,٠٢٩ | بەڵگەدارە |
| | ٣٠ ـ ٣٩ ساڵ لەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ | ٠,٦٥ | ٠,٠٠١ | بەڵگەدارە |
| | ٤٠ ـ ٤٩ ساڵ لەگەڵ ٥٠ ـ ٥٩ ساڵ | ٠,٤٨ | ٠,٠٠١ | بەڵگەدارە |
| | ٤٠ ـ ٤٩ ساڵ لەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ | ٠,٨١ | ٠,٠٠٠ | بەڵگەدارە |
| | ٥٠ ـ ٥٩ ساڵ لەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ | ٠,٣٣٤ | ٠,٠٩٢ | بەڵگەدار نییە |
| | ٢٠ ـ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٣٠ ـ ٣٩ ساڵ | ٠,١٣ | ٠,٤٥٣ | بەڵگەدار نییە |
| | ٢٠ ـ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٤٠ ـ ٤٩ ساڵ | ٠,١٠ | ٠,٥٧٢ | بەڵگەدار نییە |
| | ٢٠ ـ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٥٠ ـ ٥٩ ساڵ | ٠,٤٢ | ٠,٠٢٤ | بەڵگەدارە |
| لێکەوتەی ئابوری | ٢٠ ـ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ | ٠,٥٤ | ٠,٠١٥ | بەڵگەدارە |
| | ٣٠ ـ ٣٩ ساڵ لەگەڵ ٤٠ ـ ٤٩ ساڵ | ٠,٢٣ | ٠,٠٦٤ | بەڵگەدار نییە |
| | ٣٠ ـ ٣٩ ساڵ لەگەڵ ٥٠ ـ ٥٩ ساڵ | ٠,٢٩ | ٠,٠٤٢ | بەڵگەدارە |
| | ٣٠ ـ ٣٩ ساڵ لەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ | ٠,٤١ | ٠,٠٢٧ | بەڵگەدارە |
| | ٤٠ ـ ٤٩ ساڵ لەگەڵ ٥٠ ـ ٥٩ ساڵ | ٠,٥٢ | ٠,٠٠٠ | بەڵگەدارە |
| | ٤٠ ـ ٤٩ ساڵ لەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ | ٠,٦٤ | ٠,٠٠١ | بەڵگەدارە |
| | ٥٠ ـ ٥٩ ساڵ لەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ | ٠,١٢ | ٠,٥٣١ | بەڵگەدار نییە |
| | ٢٠ ـ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٣٠ ـ ٣٩ ساڵ | ٠,١٢ | ٠,٥٩٧ | بەڵگەدار نییە |
| | ٢٠ ـ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٤٠ ـ ٤٩ ساڵ | ٠,٥٩ | ٠,٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | ٢٠ ـ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٥٠ ـ ٥٩ ساڵ | ٠,٠٨ | ٠,٧٥٠ | بەڵگەدار نییە |
| خزمەتگوزاری | ٢٠ ـ ٢٩ ساڵ لەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ | ٠,٥٥ | ٠,٠٥٨ | بەڵگەدار نییە |
| | ٣٠ ـ ٣٩ ساڵ لەگەڵ ٤٠ ـ ٤٩ ساڵ | ٠,٤٦ | ٠,٠٠٥ | بەڵگەدارە |
| | ٣٠ ـ ٣٩ ساڵ لەگەڵ ٥٠ ـ ٥٩ ساڵ | ٠,٢٠ | ٠,٢٨٢ | بەڵگەدار نییە |
| | ٣٠ ـ ٣٩ ساڵ لەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ | ٠,٦٨ | ٠,٠٠٦ | بەڵگەدارە |
| | ٤٠ ـ ٤٩ ساڵلەگەڵ ٥٠ ـ ٥٩ ساڵ | ٠,٦٧ | ٠,٠٠٠ | بەڵگەدارە |
| | ٤٠ ـ ٤٩ ساڵلەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ | ١,١٤ | ٠,٠٠٠ | بەڵگەدارە |
| | ٥٠ ـ ٥٩ ساڵلەگەڵ ٦٠ ـ ٦٩ ساڵ | ٠,٤٨ | ٠,٠٦٥ | بەڵگەدار نییە |

لە میانی ئەوەی لە خشتەی سەرەوە خرایەڕو، بۆمان دەردەکەوێت: تا ناوەندی تەمەن کەمتر بێت، کاریگەریی لەسەر لێکەوتەکانی (دەرونی، کۆمەڵایەتی و ئابوری) هەیە، هەرچەندە ناوەندی تەمەن زیاتر بچێتە سەر، لێکەوتەکان زیاتر دەبن، دەتوانین ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە کە ئێستا گەنجان بە هۆی ژیانی مۆدێرنی ئەمڕۆیی، بە ژیان لەو جۆرە یەکە نیشتەجێبونانەدا زیاتر ئاسودە دەبن، بەڵام بەتەمەنەکان، بە هۆی ئەوەی زیاتر لەگەڵ ژیانی نەریتی و ژیان لە خانوی نزم ڕاهاتون، ئاسان نابێت خۆیان لەگەڵ ئەو جۆرە ژیانە و ئەو جۆرە شوێنانە بگونجێنن، بەتایبەتی بەتەمەنەکان کە ئێستا لە تەمەنی پشودان دان، زیاتر پێویستیان بە کارلێک لەگەڵ خەڵک هەیە و ژیان لەو شوێنانە، تاڕادەیەک، لە کارلێکی کۆمەڵایەتی دایاندەبڕێت.

**٣ ـ جۆری خاوەندارێتی:**

بە مەبەســتی دەرهێنانی جۆری خاوەندارێتی (مۆڵك یان کرێ) لەســەر هەر یەك لە ڕەهەنــدەکانی تــوێــژینەوەکە، تاقــیکــردنەوەی (t) بــۆ دو نمونەی ســەربەخــۆ (Independent Samples t-test) بەکارهــێــنرا، وەکو لە خشـــتەی (١١) دەردەکەوێت:

١. لە ســێ ڕەهەنــدی (لێکەوتەی کۆمەڵایەتی، لێکەوتەی دەرونی، لێکەوتەی ئابوری)دا، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان خاوەن مۆڵك و کرێچیدا هەیە، ئەمەش بە لەبەرچــاوگرتنی ئەوەی کە (P-value<٠,٠٥) هەروەهــا بەهــای (t) دەرهێنراو لە بەهای (t) خشتەیی گەورەترە.

خشتەی (١١)

ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی جۆری خاوەندارێتی (مۆڵك یان کرێ) نیشاندەدات

| گـــــــۆڕاوی دیمۆگرافی | | ژمارەی نمونە | ناوەنـــدی ژمێریی | جیــاوازیی ناوەندەکان | لادانی پێوەری | p- value | بەهای (ت) دەرهێنراو | خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆمەڵایەتی | مۆڵك | ٢٥٢ | ٢,٦٦ | ٠,٤٠ | ١,٠٦٨ | ٠,٠٠٠ | ٣,٥٢٦ | ١,٩٦٠ | بەڵگەدارە |
| | کرێ | ١٢٨ | ٣,٠٦ | | ١,٠٤٥ | | | | |
| دەرونی | مۆڵك | ٢٥٢ | ٢,٤٠ | ٠,٤١ | ٠,٩٧١ | ٠,٠٠٠ | ٣,٨٨٢ | ١,٩٦٠ | بەڵگەدارە |
| | کرێ | ١٢٨ | ٢,٨١ | | ٠,٩٦١ | | | | |
| ئابوری | مۆڵك | ٢٥٢ | ٣,٣٤ | ٠,٦١ | ٠,٩٨٩ | ٠,٠٠٠ | ٦,٠٧٦ | ١,٩٦٠ | بەڵگەدارە |
| | کرێ | ١٢٨ | ٣,٩٥ | | ٠,٧٦٨ | | | | |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/١٠,١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٢٦-٤٠

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خزمەتگوزا | موڵك | ٢٥٢ | ٢,٩٥ | ٠,٣٧ | ١,٢٧٢ | ٠,٠٠٨ | ٢,٦٨٣ | ١,٩٦٠ | بەڵگەدارە |
| ری | كرێ | ١٢٨ | ٢,٥٨ | | ١,٢٧٣ | | | | |

بێگومان ئەگەر كەسێک موڵكی تایبەتی خۆی هەبێت، كەمتر ڕوبەڕوی ئاستەنگ دەبێتەوە، بە تایبەتی لە ڕوی ئابورییەوە، هەر ئەمەش دەكرێت كاریگەریی لەسەر لێكەوتەكانی دیكەی وەک دەرونی و كۆمەڵایەتی هەبێت. بە پێچەوانەوە ئەوانەی كە لە یەكەیەكی كرێ دەژین، لە ڕوی ئابورییەوە بارگرانیی زیاتری بۆیان هەیە، بە تایبەتی ئێستا كە كرێی ئەو جۆرە یەكە نیشتەجێبووانە زۆرە و بە هۆی قەیرانی دارایی كاریگەریی خراپی لەسەردانیشتوانی ئەم جۆرە یەكە نیشتەجێبووانە دەبێت. كاتێک كەسێک لە ڕوی ئابورییەوە كێشەی هەبێت، ئەوا كاریگەریی لەسەر لایەنی دەرونی دەبێت و بە هەمان شێوە لە ڕوی كۆمەڵایەتیش كاریگەریی هەیە و وادەكات كەسەكە توشی دابڕان و گۆشەگیری ببێت .

## ئامانجی سێیەم: دیاریكردنی ئاستی پەیوەستی نێوان ڕەنگدانەوەكانی نیشتەجێبونی ستونی:

بەمەبەستی دەرخستنی ئاستی پەیوەستیی نێوان ڕەهەندەكانی ڕەنگدانەوە كۆمەڵایەتی و دەرونییەكانی نیشتەجێبونی ستونی، سودمان لە پەیوەستیی پیرسۆن Pearson) Correlation)وەرگرت. وەكو لە خشتەی (١١) دەبینرێت؛ هەرسێ ڕەنگدانەوەی كۆمەڵایەتی، دەرونی و ئابوری پەیوەستییەكی بەڵگەداری ئاماریی بەهێزیان پێكەوە هەیە، كە بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

١ .ڕەنگدانەوەی دەرونی بڕی (٠,٨٣٤) پەیوەستی بەڵگەداری ئاماری لەگەڵ لێكەوتەی ئابوری هەیە. جۆری پەیوەستەكە ڕاستەوانەیە، واتە هەرچی یەكەم زیاد بكات، دووەمیش زیاد دەكات و پێچەوانەكەشی ڕاستە.

٢ .ڕەنگدانەوەی كۆمەڵایەتی بڕی (٠,٨٢٨) لەگەڵ لێكەوتەی ئابوری و بڕی (٠,٨٨٢) لەگەڵ لێكەوتەی دەرونی پەیوەستیی هەیە، كە بە ئاستێكی بەرزی پەیوەست ئەژمار دەكرێت. جۆری پەیوەستەكە ڕاستەوانەیە، واتە هەرچی یەكەم زیاد بكات، دووەمیش زیاد دەكات و پێچەوانەكەشی ڕاستە.

خشتەی (١٢)

ئاستی پەیوەستی نێوان ڕەنگدانەوەی كۆمەڵایەتی، دەرونی و ئابوری نیشان دەدات

| لێكەوتەكانی نیشتەجێبونی ستونی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | لێكەوتەی ئابوری (٣) | لێكەوتەی دەرونی (٢) |
|---|---|---|---|---|
| لێكەوتەی دەرونی (٢) | ٢,٥٤ | ٠,٩٨٥ | ٠,٨٣٤** | |
| لێكەوتەی كۆمەڵایەتی (١) | ٢,٧٩ | ١,٠٧٦ | ٠,٨٢٨** | ٠,٨٨٢** |
| لێكەوتەی ئابوری (٣) | ٣,٥٤ | ٠,٩٦٤ | | |


كەواتە دەتوانین بڵێین هەركام لەم لێكەوتانە كاریگەرییان لەسەریەكتر هەیە، واتە ئەگەر لە ڕوی ئابورییەوە بارگرانی لەسەر ئەو دانیشتوانە هەبێت، ئەوا بێگومان دەبێتە هۆی ئەوەی كەسەكان لە ڕوی دەرونییەوە توشی دڵەڕاكێ و سترێس و فشار ببنەوە. هەروەها لە ڕوی كۆمەڵایەتیشەوە تایبەتمەندیی ئەم یەكە نیشتەجێبیانە ئەوەیە كە كارلێكیان لەگەڵ یەكتر كەمترە و جۆرێک لە ژیانی تاكایەتی و پەراوێزخرانی پێوە دیارە، ئەمەش لە ڕوی دەرونییەوە كاریگەریی دەبێت و توشی دابڕان و گۆشەگیرییان دەكات.

## ئامانجی چوارەم: كاریگەریی خزمەتگوزارییەكان لەسەر ڕەهەندەكانی ڕەنگدانەوەی نیشتەجێبونی ستونی

بە ئامانجی دیاریكردنی كاریگەریی ئاستی خزمەتگوزارییەكان لەسەر لێكەوتە كۆمەڵایەتی، دەرونی و ئابورییەكان، سودمان مۆدیلسازیی هاوكێشەی بونیادی (Structural Equation Modeling –SEM) وەرگرت كە بە پرۆگرامی (AMOS – Analysis Moment Structures) جێبەجێ كراوە. مۆدیلسازیی هاوكێشەی بونیادی، شێوازێكی شیكاركردنی چەند گۆڕاوی گشتگیرە لە ڕەچەڵەكی ڕگرسیۆنی چەند گۆڕاوی. بە دەربڕینێكی وردتر پەرەپێدراوی مۆدیلی هێڵییە (Liner) كە دەرفەتی ئەوە بۆ توێژەر دەڕەخسێنێ تاكو هاوكات كۆمەڵێ لە هاوكێشە ڕگرسیۆنییەكان جێبەجێ بكات(Ahmad and Saad, ٢٠٢٤: ٢٦٠ ) و كاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆكان دەستنیشان بكات (Saeed and et.al, ٢٠٢٣: ٥)، بۆ ئەم مەبەستە دو مۆدیلێكی تیۆریمان لە نێو پرۆگرامی ئامۆس دروستكردن (بڕوانە مۆدیلی ١)و داتاكانمان لەسەری بار (Load) كرد و ئەنجامەكانی مۆدیلەكەمان تاووتوێ كرد، بەم شێوەیەی خوارەوە بون:

١. خزمەتگوزاری كاریگەرییەكی بەڵگەداری ئاماریی بە بڕی (-٠,٩٩٦) لادانی پێوەری لەسەر لێكەوتەی كۆمەڵایەتی هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە (P-Value=٠,٠٠٠<٠,٠٥). جۆری ئەم كاریگەرییە پێچەوانەیە، واتە بە زیادبونی هەر لادانێكی پێوەری لەئاستی خزمەتگوزاری بڕی (-٠,٩٩٦) لادانی پێوەری نزمبونەوە لە ڕەنگدانەوەی كۆمەڵایەتی ڕودەدات و پێچەوانەكەشی ڕاستە، واتە بە كەمبونەوەی هەر لادانێكی پێوەری لە خزمتگوزارییەكان، بڕی (-٠,٩٩٦) لادانی پێوەری بەرزبونەوە لە ڕەنگدانەوەی كۆمەڵایەتی ڕودەدات.

٢. خزمەتگوزاری كاریگەرییەكی بەڵگەداری ئاماریی بە بڕی (-٠,٤٥٩) لادانی پێوەری لەسەر ڕەنگدانەوەی دەرونی هەیە، جۆری ئەم كاریگەرییە پێچەوانەیە، واتە بە زیادبونی هەر لادانێكی پێوەری لە خزمەتگوزاری بڕی (-٠,٤٥٩ ) لادانی پێوەری كەمبونەوە لە ڕەنگدانەوەی دەرونی دروست دەبێت و بە پێچەوانەكەشی دروستە.




مۆدیلی (١)

کاریگەریی خزمەتگوزاری لەسەر لێکەوتەکانی نیشتەجێبونی ستونی نیشاندەدات

خشتەی (١٣)

کاریگەریی خزمەتگوزاری لەسەر ڕەهەندەکانی ڕەنگدانەوەکانی نیشاندەدات

| گۆڕاوی سەربەخۆ | بڕی کاریگەری | P-Value |
|---|---|---|
| خزمەتگوزاری ---> ڕەنگدانەوەکۆمەڵایەتی | -٠,٩٩٦ | ٠,٠٠٠ |
| خزمەتگوزاری---> ڕەنگدانەوەی دەرونی | -٠,٤٥٩ | ٠,٠٠٠ |
| خزمەتگوزاری---> ڕەنگدانەوەی ئابوری | -٠,٦٠٤ | ٠,٠٠٠ |

بە مەبەستی وردیی زیاتر لەسەر ئەنجامەکان، ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافیی ڕەگەز (نێر، مێ) لەسەر ئەنجامەکان تاووتوێکرا. بۆ ئەم مەبەستە مۆدیلەکەمان بەسەر دو گروپی نێر و مێدا دابەشکرد و داتاکانمان لەسەر بار کردن و جارێکی دیکە ئەنجامەکانمان تاووتوێ کردەوە. وەکو لە خشتەی (١٤) دەردەکەوێت، لە هیچ یەك لە هێڵە ڕێگرسیۆنییەکان یان ڕەهەندەکاندا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا نییە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (z-score) نەگەیشتووەتە ئاستی بەڵگەداری.

خشتەی (١٤)

کاریگەریی خزمەتگوزاری لەسەر ڕەنگدانەوەکانی نیشتەجێبونی ستونی نیشاندەدات.

| گۆڕاوی سەربەخۆ | نێر | | مێ | | z-score |
|---|---|---|---|---|---|
| | بڕی کاریگەری | P-Value | بڕی کاریگەری | P-Value | |
| خزمەتگوزاری---> کۆمەڵایەتی | -١,٠١٨ | ٠,٠٠٠ | -٠,٩٨٢ | ٠,٠٠٠ | ٠,٢١٥ |
| خزمەتگوزاری---> دەرونی | -٠,٥٠٤ | ٠,٠٠٠ | -٠,٣٨٨ | ٠,٠٠٠ | ١,١٥٤ |
| خزمەتگوزاری---> ئابوری | -٠,٥٦٨ | ٠,٠٠٠ | -٠,٦٦٢ | ٠,٠٠٠ | -٠.٧٠٥ |

## ٦. دەرئەنجامەکان

لەسەربنەمای ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، توێژەران بە کۆمەڵێک دەرئەنجام گەیشتوون کە بریتین لەمانە:

ــ لێکەوتەکانی ژیان لە یەکەکانی نیشتەجێبونی ستونی (باڵەخانە بەرزەکان) لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە زۆر نییە و لە ئاستی مامناوەند دایە، واتە ژیان لەو جۆرە شوێنانە کێشە و گرفتێکی ئەوتۆی بۆ دانیشتوان دروست نەکردووە کە بەتایبەت کاریگەریی لەسەرلایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتی هەبێت.

ــ ئەگەرچی ئاستی لێکەوتەکان بەگشتی نزمە، بەڵام لێکەوتەی دەرونی لە لێکەوتەی کۆمەڵایەتی نزمترە، دەتوانین ئەمەش بۆ تایبەتمەندیی ژیانی تاکایەتی لە سەردەمی ئێستا بگەڕێنینەوە؛ کە تاکەکان ڕاهاتون و زیاتر سەرقاڵی کار و ژیانی ڕۆژانەن و ژیان لەو شوێنانە بۆیان ئاسودەترە. بەڵام لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە تاکەکان لە پەیوەندیی دراوسێتی و کارلێک لەگەڵ دەوروبەر، بە هۆی سروشتی خانوەکان،

لەیەکتر دورکەوتونەتەوە. هەروەها کۆمەڵگای کوردییش گرنگی بە هەندێک نۆرم و بەهای کۆمەڵایەتی دەدەن بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ دراوسێ و دەوروبەرەکەیان. بە بەراورد بە لێکەوتەی ئابوریش، کە رێژەکەی بەرزترە دەتوانین بۆ ئەوە بیگەڕێنینەوە کە ژیان لەو شوێنانە بێگومان بارگرانیی زیاترە لەڕوی تێچوی دارایی، ئەمەش وادەکات ئەو کەسانە ڕوبەڕوی هەندێک گرفت ببنەوە. بە هەمان شێوە لایەنی داراییش تاڕادەیەک بە لایەنی خزمەتگوزاری پەیوەستە؛ لە هەندێک لەیەکەکان ڕەنگە دانیشتوانەکەی کێشەیان لەگەڵ تێچوی خزمەتگوزارییەکان و جۆری خزمەتگوزارییەکان هەبێت.

ـــ لە نێوان دانیشتوانی باڵەخانە بەرزەکان لە روی ڕەگەزەوە، جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری نییە، واتە ئەو لێکەوتەی کە ئاستێکی مامناوەندی هەیە لای هەر دوو ڕەگەز وایە و هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا نییە، بەڵام لەڕوی گۆڕاوی تەمەن جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری هەیە، ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی نێوان گروپی تەمەنی کەم (١٦-٢٥) لەگەڵ ئەو گروپانەی کە تەمەنیان بەرزترە.

ـــ لە میانی ئەو ئەنجامانەی سەبارەت بە ناوەندی تەمەن و لێکەوتەکان بەدەستهاتون، دەتوانین بڵێین هەرچەند ناوەندی تەمەن کەمتر بێت، کاریگەریی لەسەر لێکەوتەکانی (دەرونی، کۆمەڵایەتی و ئابوری) هەیە و هەرچەندە ناوەندی تەمەن زیاتر بچێتە سەر، لێکەوتەکان زیاتر دەبن، دەتوانین ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە کە گەنجان، بە هۆی ژیانی مۆدێرنی ئەمڕۆیی، بە ژیان لەو جۆرە یەکە نیشتەجێبونانە زیاتر ئاسودەبن، بەڵام بەتەمەنەکان، بە هۆی ئەوەی کە زیاتر لەگەڵ ژیانی نەریتی و ژیان لە خانوی نزم ڕاهاتون، ڕەنگە ئاسان نەبێت خۆیان لەگەڵ ئەو جۆرە ژیانە و ئەو جۆرە شوێنانە بگونجێنن، بەتایبەتی بەتەمەنەکان کە ئێستا لە تەمەنی پشوودان دان، زیاتر پێویستیان بە کارلێک لەگەڵ خەڵک هەیە و ژیان لەو شوێنانە تاڕادەیەک وا دەکات لە کارلێکی کۆمەڵایەتی دابڕێن.

ـــ هەرکام لەم لێکەوتانە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، واتە ئەگەر لە روی ئابورییەوە بارگرانی لەسەر ئەو دانیشتوانە هەبێت، ئەوا بێگومان دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکان لە روی دەرونییەوە توشی دڵەڕاوکێ و سترێس و فشار ببن. لە روی کۆمەڵایەتیشەوە، تایبەتمەندیی ئەم یەکە نیشتەجێیانە ئەوەیە کارلێکیان لەگەڵ یەکتر کەمترە و جۆرێک لە ژیانی تاکایەتی و پەراوێزخرانی پێوە دیارە، ئەمەش لە روی دەرونییەوە کاریگەریی دەبێت و توشی دابڕان و گۆشەگیرییان دەکات.

ـــ لە میانی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان دەتوانین بڵێن: هەبونی خزمەتگوزارییەکان لە یەکەکانی نیشتەجێبونی ستونی، کاریگەریی بەرچاوی لەسەر کەمکردنەوەی ئەو لێکەوتە دەرونی، کۆمەڵایەتی و ئابوریانە هەیە، کە لە میانی ژیان لەو شوێنانەدا، ڕوبەڕوی تاکەکان دەبنەوە. ئەگەر خزمەتگوزارییەکانیان لە یەکەکانی نیشتەجێبونداندا باشتر و زۆرتر بێت، دانیشتوانەکەی ئاسودەتر دەبن، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر خزمەتگوزارییەکان بەپێی پێویست نەبن، ئەوا زیاتر توشی لێکەوتەی کۆمەڵایەتی و دەرونی دەبنەوە. ئەگەرچی لە روی ئابورییەوە ئەگەر خزمەتگوازییەکان زیاتر بێت ئەوا بارگرانیی زیاتری دەبێت بۆیان، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی ئاسودەیی و خۆشگوزەرانیان.

## سەرچاوەکان:


جبار ، شهلا وەلی ( ٢٠١٤ )کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نیشەجێبونی یەکەی نیشتەجێبونی ستونی- توێژینەوەوەیەکی مەیدانییە لە کۆمەڵگای هاناستی لە شاری هەولێر ، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان ، بەرگی ١٨ ، ژمارە ٤ .

ال طعمة , حسام صاحب , ( ٢٠٠٩ ) التمثيل الخرائطي للسكن العمودي في المحافظة ,كلية الاداب , جامعة بغداد .

أمين , الآن فريدون علي , ( ٢٠١٣ ) تقيم التفاعل الأجتماعي في الفضاءات المفتوحة للمجمعات السكنية الحديثة-مدينة السليمانية حالة دراسية , مجلة سليمانية للعلوم الهندسية , مجلد١ , عدد ( ١ ) .

بدوي , احمد (١٩٩٨) معجم المصلحات الاجتماعية , مكتبة البناء القاهرة .

جميلة ، سليماني (٢٠١١) : دراسات في علم النفس الأجتماعي الفضائي , دار هومة للنشر و التوزيع (الجزائر) .

الجوهري , عبدالهادي ( ١٩٨٣ ) قاموس علم الأجتماع , مكتبة نهضة الشرق , جامعة القاهرة .

ذراع ، ميدني شايب (٢٠١٥) : مدخل العلماء الى سيكولوجية وسوسيولوجية الفضاء , دار المجدد .

شغيت , مروة عبداللة ( ٢٠٢٣ ) الأنعكاسات الأجتماعية للنمو السكاني على المجتمع , مجلة الدراسات المستدامة , المجلد ( ٥ ) , العدد ( ٤ )

غيث, محمد عاطف (١٩٨٨)علم الاجتماع الحضري,دار المعرفة الجامعية,الاسكندرية

محمود , عبدالرزاق صالح (٢٠١٢) واقع السكن العمودي في مدينة الموصل , مركز دراسات موصلية , عدد ٣٨ , العراق

ناصف ، سعيد (٢٠٠٦) علم الاجتماع المفاهيم – القضايا- المشكلات، ط١،دار المكتب الوثائق القومية، القاهرة

الهيتي , عبدالرزاق محمود ( ٢٠٠٦ ) أنعكاسات الأحتلال الأمريكي البريطاني على التنمية الأجتماعية , جامعة صنعاء , اليمن .

- Lindner, R., ١٩٩٦. *The reportage of urban culture: Robert Park and the Chicago School* (Vol. ٤٣). Cambridge University Press. Mahmood, D. O. . and Anwar, B. H. . (٢٠٢٤) “The Relationship Between Frustration and Forms of Violence Among Young People: From the Perspective Frustration Theories "Albert Cohen" And ‘John Dollard’”, *KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES*, ٧(٢), pp. ٥٨–٧٢. doi: https://doi.org/١٠,١٤٥٠٠/kujhss.v٧n٢y٢٠٢٤.pp٥٨-٧٢

Park, R.E., ١٩١٥. The city: Suggestions for the investigation of human behavior in the city environment. *American journal of sociology*, ٢٠(٥), pp.٥٧٧-٦١٢.

Salerno, R. A. (١٩٩٢). Theory and Action in Wirth's" Urbanism". *International Social Science Review*, ٦٧(٢), ٥١.

Wirth, L. (١٩٣٨). Urbanism as a Way of Life. *American journal of sociology*, *٤٤*(١), ١-٢٤.